# ئۆستوورەی کاوەی ئاسنگەر؛

## جەوری پاشای زستان و شۆرشی خودای با



تاهیر قاسمی

یەک لە بە ناوبانگترین ئۆستوورەکانی گەلانی سەر چیاکانی زاگرۆس، چیرۆکی کاوەی ئاسنگەرە کە بە کاوە و ئەژدەهاک یا کاوە و زەحاکیش بە ناوبانگە. سەرچاوەی هەرە باو و ناسراو بۆ ئەم ئۆستوورەیە، شانامەی فارسی‌یە. فیردەوسی دەگێڕێتەوە کە دوای ئەوەی جەمشیدشا ئەرکی دەسەڵاتدارەتیی خۆی بە باشی بەڕێوە نەبرد و زوڵم و زۆری دەست پێکرد، خەڵک لە دژی ڕاپەڕین و لە جێی ئەو شایەکی بێگانە بە ناوی زەحاک حوکمی وڵاتی گرتە دەست. زەحاک پاشایەکی زۆر زاڵم بوو. تەنانەت باوکی خۆی دە چاڵاو هاویشت. شەیتان سەر شانەکانی ئەژدەهاک یا زەحاکی ڕامووسی و دوو مار لە جێ ماچەکانی روا. مارەکان تەنیا بە خواردنی مێشکی سەری لاوان دەحەجمین. پیاوانی شا رۆژانە دوو لاوی شارەکەیان دەستبەسەر دەکرد، سەریان دەبڕین و مێشکی ئەوانیان دەرخواردی ئەو دوو مارە دەدا. لەم نێوە دا دوو فریشتە بە ناوەکانی ئەرمایل و کەرمایل توانیان خۆ بخزێننە ناو کۆشکی میری و ببن بە چێشتلێنەری شا. ئەوان رۆژانە مێشکی سەری مەڕێکیان لە گەڵ مێشکی یەک لە دوو لاوەکە تێکەڵ دەکرد و دەرخواردی مارەکانیان دەدا. بەو جۆرە لە دوو لاو یەکیان رزگار دەبوو. بەرەبەرە نۆرە گەیشتە کوڕ یا دوایین کوڕی ئاسنگەری شار کە ناوی کاوە بوو. کاوە بۆ رزگاریی کوڕەکەی، رووی لە کۆشکی میری کرد و ناڕەزایەتیی دەربڕی. میر لە کوڕی کاوە خۆش بوو و ئازادی کرد. لە بەرامبەر دا داوای لێ کرد گەواهی بۆ بدا و بۆی واژۆ بکا کە بەڕیوەبەرێکی دادگەرە و بەڕێوەبەرییەکی عادڵانەی هەیە. بەڵام کاوە نەک ئەوەی نەکرد، لۆمەی ئەوانەشی کرد کە ئەو تۆمارەیان بۆ شا ئیمزا کردوە. قەباڵەکەی لێ دڕاند، دەستی کوڕەکەی گرت و لە کۆشکی پاشا وەدەرکەوت. کە گەڕایەوە، بەرهەڵبێنەی ئاسنگەریەکەی کرد بە ئاڵا، کوتکی ئاسنگەریی لە سەر شان دانا و بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی زەحاک، رووی لە کۆشکی میری کرد. خەڵکی ناڕازیش وەدوای کەوتن و بەو جۆرە شۆڕشێکی بەرین دژ بە ئەژدەهاک ساز بوو. لەو لاوە فەرەیدوون ناوێک کە هەڵگری توخمی شایان بوو و باوکی بە دەست زەحاک کوژرابوو دوور لە چاوی پیاوانی شا لە دایک ببوو. دایکی بۆ رزگار کردنی لە دەست پیاوانی زەحاک، لە ئەشکەوتێکدا لای پیاوچاکێک شاردبوویەوە. کاوە، فەرەیدوونی دۆزیەوە. فەرەیدوون بوو بە پێشەنگی شۆڕشەکە، دەسەڵاتی زەحاکی رووخاند و بۆخۆی لە جێی دانیشت. زەحاکیش بردرا بۆ ئەشکەوتێک و لەوێ بەند کرا.

چیرۆکەکە جگە لە شانامەی فیردەوسی، لە گرشاسب نامەی ئەسەدیی تووسیشدا بە ناوەرۆکێکی هاوشێوە، هاتووە. سەرچاوەی هەردووشیان وێدەچێ "خودای نامە" بێ

کە دەگوترێ گرینگترین کتێبی سەردەمی ساسانیەکانە و تێیدا بەسەرهاتی پاشایان ئاوێتەی چیرۆک و ئەفسانە کراوە و نووسراوەتەوە. چیرۆکەکە لای توێژەران و خەڵکی ئاسایی وەک رووداوی راستەقین وەرگیراوە. لای نووسەران و توێژەران لێکۆڵینەوەی زۆر سەبارەت بە بنەمای چیرۆکەکە و دەستنیشان کردنی شوێنی رووداوەکان و شوناسی راستەقینەی قارەمانانی چیرۆکەکە نووسراوە. لای خەڵکی ئاساییش، بۆ وێنە دانیشتوانی ناوچەی ئیسفەهان لە ناوەندی ئێران پێیان وایە شەڕی کاوە و زەحاک لە ناوچەی ئەوان رووی داوە. چەندان شوێنیش لە ناوچەکە بە ناوی قارەمانانی چیرۆکەوە کراوە. وەک مەشهەدکاوە کە پێیان وایە گڵکۆی کاوە لەوێیە یان فەرەیدوونشار کە پێیان وایە فەرەیدوون خەڵکی ئەو شارە بووە. تەنانەت ئیبنی خەلەکانی هەولێریش لە کتێبی "وفیات الاعیان و انباء ابناء الزمان.." دا بۆی لەدوو داون. لە زۆر ناوچەی دیکەش، گوند و شوێن بە ناوی کەسایەتیی سەرەکیی ئەم چیرۆکە یان کاوەناوی دیکەوە کراون. بۆ وێنە گوندی کاوەکالی سەر بە خورەماوا یان گوندی مام کاوە (مامکاوێ) لە ناوچەی سەردەشت. هەروەها لە دەڤەری هەشتەرۆی پارێزگای زەنجان، لە جیرانەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان. قەڵایەک بە ناوی قەڵای زەحاک ماوە و پاشماوەی دوو قەڵای دیکەکیش بە هەمان ناو یەک لە ناحیەی خورماڵی باشووری کوردستان و ئەویدی لە چیای سوورێنی سەر سنووری دەسکردی باشوور - رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە.

سەرباری ئەوانە وێکچوونی زۆر لە نێوان چیرۆکی کاوە و ئەو بەسەرهاتە دا هەیە کە هێرۆدۆت لە "مێژووی شەڕی پارسەکان"دا سەبارەت بە چۆنیەتی رووخانی دەسەڵاتی ماد و هاتنە سەر کاری کورشی پارس گێڕاویەتەوە و مێژوونووسانی دواتری یونانی بۆیان لەدوو داوە. بە تایبەت وێکچوون لە نێوان ناوی زەحاک یا ئەژدەهاک لە گەڵ ناوی دوا پاتشای ماد هەیە کە هێرۆدۆت بە ئاستیاگ ناوی هێناوە. کۆمەڵێک مۆتیڤ و نیشانەی دیکەش وا نیشان دەدەن کە ئەوەی هێرۆدۆت و نووسەرانی دواتری یونانی لەم بارەوە بیستوویانە و گێڕاویانەتەوە، شتێکی وەک چیرۆک و ئەفسانەی کاوە و زەحاکە . ئەوە کە ئاخۆ هێرۆدۆت ئەفسانەی کاوە دەگێڕێتەوە یان چیرۆکی کۆرش هەمان ئەفسانەی کاوەیە، کۆمەڵێک ئاڵۆزی و نیگەرانیی سەبارت بە بنەمای ئەو چیرۆکە پێکهێناوە. بۆچوونی وەهاش هەیە کە چیرۆکەکە بۆ رووداوێکی کۆنتر دەگێڕێتەوە و دەیباتەوە سەر کوژرانی ئازای کوڕی ئێرانزووی مانناییی. بەڵام ئەم بابەتە پێی وایە چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر نەک هەر مێژوو نییە بەڵکو بە بەمێژوو کردنی، غەدرێکی گەورە لەم ئۆستوورەیە، لە خاوەنانی و لە مێژووش کراوە. چیرۆکی کاوەی

ئاسنگەر، ئۆستوورەی دانیشتوانی سەر چیاکانی زاگرۆسە و رەگی لە باوەڕ و ئایینی کۆنی ئەوان دایە. هەڵبەت تەباکردنی رووداوەکانی چیرۆک و ئۆستوورەکان لە گەڵ شوێن یا شوێنگەلی راستەقین و دیاری کردنی ناوی قارەمانانی چیرۆک لە گەڵ کەسایەتییە خاس و خراوەکانی مێژوو یان خەڵکی خۆیی و بێگانە، کارێکە کە نەک هەر لە ئۆستوورەی کاوەی ئاسنگەر بەڵکو لە گەڵ زۆربەی ئۆستووره و چیرۆکەکاندا دەکرێ. هۆکاریش ئەوەیە کە گوێگر نایهەوێ گوێ لە چیرۆکێک بگرێ کە پێی وابێ راست نییە. هەر بۆیە گێڕەرەوە زۆر جار بۆخۆی بە دەستنیشان کردنی شوێنێک بۆ رووداوەکانی چیرۆکەکە یان تەبا کردنی ناوی قارەمانێکی ئەفسانەیی لە گەڵ کەسایەتیەکی راستەقینە، هەوڵ دەدا یارمەتی بە خەیاڵی بیسەر و برەو بە کارەکەی خۆی بدا.

کوردی یا میدیایی بوونی چیرۆکی کاوە و زەحاک هۆکاری نیزیکایەتیی رواڵەتیی ناوی پاشای چیرۆکەکە لە گەڵ ناوی لانیکەم دوو رێبەری دەسەڵاتی میدیایە. دیاکۆ و بە تایبەت ئەشتویگۆ یا ئاستیاگ. ئەوەش وای کردوە کە بێگانان بە ئاسانی ناوەکان تێکەڵ بکەن و دوژمنانیش هەوڵ بدەن ئۆستوورەکە لە دژی ئەو گەل یا گەلانە پێچەوانە بکەنەوە. نیزیکایەتیەکە بە تایبەت بە هۆی وشە یا پاشگری "دەهیو" یا "دەهاک"ە کە بە مانای دەسەڵاتداری و بەڕێوەبەریی وڵاتە. پرۆفیسۆری کورد دوکتور جەماڵ رەشید سەبارەت بە رەگی ئەم وشەیە دەڵێ: "لە سەردەمی مادەکان دا وشەی دەهیو بە واتای وڵات هاتووە، لە بنەڕەت دا "دەیوکا، دەهیوکا، دەیوک، دەهیوک"ە واتای سەرۆک وڵات دەدا." ئەوەش هۆکاری ئاڵۆزیی ناوی ئەشتویگۆ لە گەڵ ئەژدەهاک، زەحاک و تەنانەت ئاستیاگە.
دوا پادشای میدیا کە هێرۆدۆت بە ئاستیاگ ناوی هێناوە، بە "ئیختویگۆ" و "ئیشتویگۆ" یان "ئەختویگۆ" و "ئەشتویگۆ"ش ناوی هاتووە. بە ئەگەری زۆر ناوەکەی دەگەڕێتەوە سەر وشەی ئاشت و ئاشتی کە رەگی وشەکە بەو شێوەیە لانیکەم لە زمانی پەهلەویش دا تۆمار کراوە. بەو پێیەش ناوی ئاستیاگ، ئاشتیاگ یا ئیشتویگۆ لە ناوێکی تێکەڵاوی وەک "ئاشت دهاک" یا "ئاشت دەهاکۆ" بە مانای سەرۆکی حکومەتی ئاشتی یا وڵاتی دوور لە شەڕ چێ بووە. هۆکاری ناوەکەش بۆ دۆخی وڵاتی میدیا دوای پەیماننامەی کسوف و لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ئەودا دەگەڕێتەوە. هۆوەخشتەرە ی باوکی ئاستیاگ، دوای ئەوەی بە هاوکاریی نەبوپلسەر، پاشای بابل، کۆتایی بە سەدان ساڵ دەسەڵاتدارەتی و ملهوڕیی دەسەڵاتی ئاشوور هێنا و نەینەوایان داگیر کرد، بە مەبەستی بەرین کردنەوەی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی میدیا، رووی لە باکووری رۆژئاوا کرد. لە سەر چۆمی خالس، لە نێوان سپای میدیا بە رێبەریی

هۆوەخشتەرە و لەشکری لیدی بە سەرۆکایەتیی ئالیاتس، شەڕێکی قورس دەستی پێ کرد. شەڕ بۆ ماوەی شەش ساڵ درێژەی کێشا. هەرچەند سپای میدیا زۆر و بە هێزتر بوو بەڵام سوارەی لەشکری لیدی بە ئەزموون و بە توانا لە بەرامبەریدا راوەستان.
ساڵی ٥٨٥ی بەر لە زایین، شەڕ کەوتە حەوتەمین ساڵەوە کە رۆژێک، خۆر رووی لە هەردوو لەشکر و هەردوو شا، تێکنا و خۆرگیران یا کسووف هاتە ئاراوە. دوو لایەن کە لانیکەم لە ئایینی یەکیاندا خۆر بەرزترین پلە بوو، ئەوەیان بە نیشانەی توورەیی خودا لەو شەڕ و پێکدادانە لێک دایەوە. ترس و نیگەرانی لە نێو سەربازانی دوو لایەندا پەرەی گرت و ریزەکانیان ئاڵۆز بوو. ناچار دەستیان لە شەڕ کێشایەوە و شەڕ راوەستا.
سەرەنجام لە سەر دەستی بۆختوننەسر، پاشای بابل کە ئەوکات جێگای باوکی گرتبۆوە، پەیمانی ئاشتی لە نێوان وڵاتانی میدیا و لیدیا مۆر کرا کە لە مێژوو دا بە پەیمانی کسوف یا خۆرگیران بە ناوبانگە. بە پێی پەیمانەکە رووباری خالس بە سنووری دوو وڵات دیاری کرا. بۆ قایمتر کردنی ئەو پەیمانە و دانانی بناخەی دۆستایەتی و خزمایەتی لە نێوان دوو وڵات، کچی پاشای لیدی لە ئاستیاگ، کوڕی پاشای میدیا مارە کرا. هەر لەو ساڵە دا هۆوەخشتەرە کۆچی دوایی کرد و ئەشتویگۆی تازەزاوا لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت. هۆوەخشتەرەی باوک میراتێکی گرینگی لە دەسەڵاتداری بۆ کوڕەکەی بە جێ هێشت کە



لە سەرووی هەمووان پاتشای جەوان دوژمنێکی بە هێزی لە ناوچەکە دا نەمابوو؛ کۆتایی بە سەدان ساڵ تەمەنی دەسەڵاتی ئاشوور هات کە پێشتر تەنگی بە حکومەتەکانیماننا و میدیا هەڵچنیبوو، لە گەڵ دەوڵەتی بابل لە دۆستایەتیەکی توندوتۆڵ و بێ گرێ دا بوو و دوا کاریشی رێککەوتن و بەستنی پەیمانی ئاشتی لە گەڵ دەسەڵاتی لیدی بوو. بەوەش دەسەڵاتی میدیا لە کۆتایی تەمەنیدا دەسەڵاتێکی ئاشت و ئاشتیانە و دوور لە شەڕ بوو. لە بەر ئەوەش پادشا ناوی "ئاشتی دەهاک"، "ئاشتیاگ" و "ئاستیاگ" یا سەرۆکی وڵاتی ئاشتی لێ نرا. لە راستی دا جیاوازی لە نێوان ناوی ئاشتیاگ و ئازیدەهاک جیاوازیی نێوان ئاشتی و ئاژە کە یەکەمیان حکومەتی ئاشتیی دوور لە شەڕە و ئەویدی حکومەتی تاریک و زێدەخواز.

ئاماژەکەی هێرۆدۆت کۆنترین ئاماژە بە چیرۆکی کاوە و زەحاک نییە. لە ئاڤێستا دا ناوی ئەژدەهاک بە شێوەی "ئاژی دەهاکە" یا "ئازی دەهاکە" هاتووە کە هەژدیهایەکی سێ سەری شەش چاوی سێ لمبۆزە و فەرەیدوون لە گەڵی بە شەڕ دێ. ڕەنگە لەویش کۆنتر، مۆتیڤی بەرەوڕووبوونەوەی پاڵەوانێک لە گەڵ هەژدیهایەکی سێ سەر لە سەر جامی بە ناوبانگی حەسەنلووی سندووسە کە هی سەردەمی دەسەڵاتی مانناییەکانە و مێژووی زیاتر لە سێ هەزار ساڵی بۆ خەملێندراوە.  لەو پاژەی جامەکەدا کەسێک لە ناو پەیکەرێکدا کە هەژدیهایەکی سێ سەرە، بە خۆی و بە سێ سەری هەژدیهاوە بەرەوڕووی هێرشی پاڵەوانێک بووەتەوە کە  بە گومانی زۆر هونەرمەند هەوڵی داوە وێنەی ئەژدەهاک پێشان بدا.

سەرەڕای بوونی ئۆستوورەی زەحاک لە سەر جامی سندووس و ناوبانگ و سەرنجی زۆر لە سەر ناوەرۆکی چیرۆکەکە، چیرۆکی کاوە لە ناو کورد دا نەکراوە بە بەیت. یان لە ژێر هێژەمۆنیی شانامە و گرشاسبنامە و...دا لە بیر چووەتەوە. بەڵام لە هێندێک ناوچەدا تا نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمیش، چیرۆکی بەر ئاگردان بوو. بۆ وێنە کورتەی چیرۆکەکە بە راوێژی "مام کەریمی حەمەخان" ئاوایە:

*"جەمشێرشا پاشا بوو. ڕۆژێ مرۆڤێکی دەریایی چوار چڵە گیای بۆ جەمشێرشا هێنا و پێی وت ئەمە بکە بە کەلانە و بیخۆ. مرۆڤەکە ڕۆی ون بوو و جەمشێرشا چڵە گیاکانی بە وەزیرەکەیدا بۆ نانەواکەی نارد تا بۆی بکا بە کەلانە. نانەوا کەلانەکەی لێ لەت بوو و ناچار بە دزی دەسکێک کەوەری لە جێی گیایەکە بۆ شا کرد بە کەلانە و بۆی نارد. لەو وەختەدا زەحاک کە دارکێشی مدبەقی جەمشێرشا بوو، گەیشتەوە. برسی بوو، لەتە کەلانەکە لەوێ فرێ درابوو، هەڵیگرتەوە، خواردی. کە سەری هەڵبڕی، حەوت تەبەقەی ئاسمانی بە چاوی خۆی دیت. زانی شا دەمرێ و بۆخۆی لە جێی دادەنیشێ. جەمشێرشا مرد و زەحاک ژنی شای لە خۆی مارە کرد. شاژن کە لە جەمشێرگیا دووگیان ببوو، مناڵی بوو ناویان نا فەرەیدوون. زەحاک سەیری ئاسمانی کرد و وتی من بە دەست ئەو کوڕە دەمرم. مەلۆتکەی دا بە دەست وەزیرەکەی و گوتی برۆ سەری ببڕە. وەزیر مەلۆتکەی بردە قەراخ دەریا بەڵام زگی پێی سووتا و لەوێ بە جێی هێشت. گامێشێک لەوێ شیری دایە و بە خێوی کرد. شەیتان کە مامۆستای زەحاک بوو، ڕۆژێک هەردوو لا شانی زەحاکی ماچ کرد. مار لە جێ دەمی شەیتان پەیدا بوو. مارەکان دەمیان بە ملی زوحاکدا دێنا و ئازاریان دەدا. وەزیرێک پێی گوت ئەگەر مێشکی لاوانی بدەیێ تۆ ئازار نادا. ئاسنگەرێک لەو ناوە حەفتا و دوو کوڕی هەبوو. حەفتا کوڕی خورا و دوانی ماوە. نۆرەی ئەوانیش گەیشت. ئاسنگەر زۆر ناڕەحەت بوو، چوو لە*

*مزگەوت نوێژی کرد و زۆر پاڕایەوە تا خەوی لێ کەوت. ئیمامی عەلی هات دە خەویەوە و خەبەری پێ دا کە بەیانی لە گەڵ خۆرهەڵات فەرەیدوون بە تەورێکەوە دێ و زەحاک دەکوژێ. بەیانی هەر کە خۆر ئەنگووت، فەرەیدوون بە سواری گامێشێک، تەورزینێک بە دەستەوە پەیدا بوو. هێرشی بۆ کۆشکی زەحاک برد و زنجیری کرد، بردی بۆ کێوی شەمێران و خستیە ناو تەلسمێکەوە. ئێستەش دووکەڵ لەو تەلسمە دێ:*

*زوحاک وە زنجیر هەزار ساڵەوە*
*سیمرغ وە قووەی پەڕ و باڵەوە*
*نەیانکرد سەیران دنیای دوور مەنزڵ*
*ئەوانیش وە مەوتەمەرگ داغڵ بوون وە گڵ*
*کوا فریشتەکەی فەرەیدوونی فەڕ*
*حەفتاودوو کوڕی بابای ئاهەنەر.. "*

هەروەها لە شانامەی کوردیشدا چیرۆکی زەحاک هاتووە کە تا رادەیەک جیاوازیی ناوەرۆکی لە گەڵ گێڕانەوەکەی شانامەدا هەیە. بەشێک لە بەیتەکانی کاوەی ئاسنگەری شانامەی کوردی ئاوێتەی مەقامی باباناووسی کراون کە یەک لە مەقامە بە ناوبانگەکانی ئاییی یارسانە:

*دوانزە فەرزەنان کاوەی ئاسنگەر*
*یەکی چەنەش مەن یانزەش بڕین سەر*
*وەمەودای ئەلماس کردشان چاک چاک*
*مغزش دەراورد پی ماران ضحاک*
*کاوەی ئاهەنگەر زویخ و زام وەردەن*
*وەر داوان ویش وە ئاڵا کەردەن*
*کووکە تەمیرە ئاما وە داوان*
*وادەی خۆشیە کاوە گیان! کاوەی شیرەخان!*
*دڵە وەهارەن، رووژێ نەورووزەن..*
*رووژێ نەورووزەن.. دڵە وەهارەن..*
*داوودم دیەن نە تووی بەرقێ یووز*
*نە قۆرسێ بەتوون، نە شەوێ نەورووز*
*زەمەو زەماوەن مەکیرو، کاوە گیان! جێ یەرکێ نوونە*
*دەسێ بەرەو زەماوەن، کاوە گیان! عەز مەرە شوونە*

به گشتی کورد خۆی لە ئۆستوورەی کاوەی ئاسنگەردا دیتووەتەوە و بە هی خۆی زانیوە. هەر لە کۆنەوە سەرکەوتنی کاوە بە سەر زوحاکدا وەک بۆنەی کۆتایی زستان و هاتنی جێژنی نەورۆز سەیری کراوە. ئەم روانینە بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا، شان بە شانی سەرهەڵدانە یەک لە دوای یەکەکانی کورد زیاتر پەرەی گرت.
خوێندەواران، هونەرمەندان و بە گشتی خەباتکارانی کورد هەوڵیان دا کاوە و شۆرشەکەی بکەن بە رەمزی شۆرش و سەرهەڵدان لە دژی دەسەڵاتی ئەژدەهاکی زەمان. بەو روانینەوە شۆرشی کاوە بوو بە رەمزی راماڵینی زستانی زۆرداری و موژدەی هاتنی نەورۆزی ئازادی. شێرکۆ بێکەس شانۆنامەی بە ناوبانگی "کاوەی ئاسنگەر"ی لە سەر بنەمای هەمان چیرۆک نووسی، پەیکەری کاوە لە شاری سلێمانی کرا بە رەمزی خەبات بۆ شاری هەڵمەت و قوربانی، سوارەی ئیلخانیزادە شانۆنامەی رادیۆیی "چەکوش وەشێنی رۆڵەکوژراو"ی لە سەر بنەمای ئەو چیرۆکە نووسی و هەژار بە شێعری نیوەدرێژی "کوتکی کاوە" لە سەر رێچکەی فیردەوسی، زەحاکی بە رەمزی حوکمی عەرەب لە کوردستان شوبهاند کە بارزانی وەک کاوە خەریکە ئەم حوکمە زەحاکیە رادەماڵێ. بە گشتی ئیلهام لەو چیرۆکە رەنگدانەوەی زۆری لە سەر هونەر و ئەدەبی بەرگریی کورد لە سەدەی بیستەم دا بە جێ هێشت. بەڵام زۆربەی ئەوانە لە سەر بنەمای گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە شانامەدا بوو. گێڕانەوەیەک کە وەک هەموو چیرۆکەکانی دیکەی شانامە، بۆ قازانجی پاشایان و لە پێناو پاراستن و پارێزگاری لە دەسەڵاتی ئەوان نووسراوە یان بۆیان گۆڕدراوە. هاوکات ناسیونالیزمی فارس یان پان ئێرانیزم کە لانیکەم رابردووی خۆی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی پاشاکانی ئێراندا پێناسە دەکا، چیرۆکە شانامەییەکەی کاوە و ئەژدەهاکی وەک بەڵگەی رەوایی دەسەڵاتدارەتیی خۆی و خراپیی ئەویدی، بە کار بردووە. بە تایبەت ئەو بەشە لە چیرۆکەکەی بۆ گرینگترە کە بە پێی قسەی شانامە، کاوە، فەرەیدوونی هەڵگری توخمی پاشایەتیی دۆزیوەتەوە، کردوویە بە پێشەنگی شۆرشەکە و دواجاریش هەر ئەو تاج و تەختی باپیرانی لە شایەکی زاڵم و بێگانە ئەستاندۆتەوە و بۆخۆی لە سەری دانیشتووە. گەرچی لای کورد بە دەسەڵات گەیشتنی فەرەیدوون هیچکات نرخ و بایخی لابردن و روخاندنی دەسەڵاتی زەحاکی نەبووە بەڵام کەڵکاوەژۆیی شانامە و دەسەڵاتی فارس لەم ئۆستوورەیە و تەباکرانی چیرۆکەکە لە گەڵ چیرۆکی رووخانی دەسەڵاتی میدیا، دەستیان بە دەستی یەک دا تا دواتر بە تایبەت لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا بەشێک لە رووناکبیرانی ناسیونالیستی کورد لە سەدەیەک پێداهەڵگوتن بە کاوە و دەستخۆشانە کردن لێی سەبارەت بە لابردنی دەسەڵاتی زەحاک، پەشیمان ببنەوە. تا

ئاستێک کە کەسایەتیی کاوە لای هێندێک چالاکی سیاسیی کورد لە رابەرێکی شۆرشگێڕ و رەمزی خەباتەوە بۆ خائین و رەمزی خیانەت دابەزێندرا.

بەڵام بە سەرنجدان بە ناوەرۆکی چترۆکەکە لە شانامەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مۆتەکەی کوردیبوونی چیرۆکی کاوە تەنانەت یەخەی فیردەوسیشی بەرنەداوە. لە بەشێک لە گێڕانەوەکەی دا، دوو لە قارەمانانی چیرۆک بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەک، دەخزێنە ناو کۆشکی میری و دەبن بە ئاشپەزی تایبەتیی شا. ئەوان هەموو رۆژێ مێشکی لاوێک لە گەڵ مێشکی مەرێک تێکەڵ دەکەن و دەرخواردی مارەکانی دەدەن. بەو جۆرە هەر جارە لاوێک نەجات دەدەن. بە قسەی فیردەوسی ناوی ئەو دوو کەسە کەرمایلی پاکدین و ئەرمایلی پێشبین بوو. ڕۆڵی راستەقینە و هۆی بوونی ئەو دوانە لە چیرۆکەکە دواتر روون دەکرێتەوە بەڵام ئاوێتە کردنی کورد بەو بەشە لە چیرۆکەکە، لە جۆرێک باجدان بۆ بێدەنگ کردنی کورد لە حاند شێواندنی ئۆستوورەیەکی خۆی زیاتر نییە. لەم بارەوە لە شانامەدا هاتووە:

*به جای خورش زان سر بی بها — خورش ساختند از پی اژدها*
*چو گرد آمدی مرد از ایشان دویست — بر آن سان که نشناختندی که کیست*
*خورشگر بدیشان بزی چند و میش — سپردی و صحرا نهادند پیش*
*کنون کورد دارد  از آن تخمه نژاد — کز آباد ناید به دل برش یاد*

واتە: لە جێی مێشکی لاوەکان، بە مێشکی بێ نرخی ئەو مەڕانە خۆرشتیان بۆ هەژدیها ساز کرد. کاتێ ژمارەی پیاوە رزگارکراوەکان گەیشتە دووسەد کەس، بە جۆرێک کەس نەیانناسێ، چێشتلێنەرەکان چەند بزن و مەڕیان پێدان و ئەوانیش روویان لە دەشت و سەحرا کرد. کورد ئێستا هەڵگری تۆمی ئەو رەگەزەیە و لەو رەگەزە وەچە دەخاتەوە کە ئەگەر باپیرانتان لە بیر نایە باشترە بە دڵتان دا بێ و لە بیرتان بێ.

بەڵام هۆکاری ئەوە کە بۆچی ئەم چیرۆکە بە ئۆستوورەی دەستکاری کراوی کوردەکان و بە گشتی زاگرۆس نشینان دەزاندرێ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چیرۆکی کاوە و زەحاک هەڵگری توخمەکانی ئەو ئۆستووورە میترایيانەیە کە لەوەپێش باس کراون و لە ریزی ئەواندا پۆلێن دەکرێ. درێژەی هەمان ململانێی نێوان واروونا و ئیندرایە کە جارێ دەبن بە شێخمەند و شێخرەش، جاری دیکە بە مەم و بەکر و لێرەش بە فەرەیدوون و زەحاک. ئەژدەهاک هەمان هەژدیها، گیانداری ترسهێنەری ئیندرای خودای شەڕ. هەمان ئەو "مارە ڕەشە لغاوە سپیەی" کە لە ململانێی شێخ مەند و شێخ ڕەش دا، دەبێ بە تەشکی شێخ ڕەشی خودای شەڕ. دوازدە فەرزەندی کاوە هەمان دوازدە منداڵەکەی مامەدیی باوکی شێخ فەرخن کە تەنیا شێخ فەرخی بۆ دەمێنێتەوە و رۆژی

سەرکەوتنی کاوە هەمان ڕۆژی زەماوەندی پەریخان و برایمۆکە. حەوت خوداکانی میترایی چ ڕاستەوخۆ وەک خۆیان یان بە نیشانە و هێمای خۆیان لەو ئۆستوورەیەش دا دەور و حزووریان هەیە. ئیلهام لە سرووشت، گەڕانی گەردوون و ئاڵوگۆڕی مانگ و وەرزەکان لەم ئۆستوورەیەدا بە ڕوونی دیارە و هەموو ئەوانەش پێناسەکانی ئۆستوورەیەکی میترایین.

لە بورجەکانی فەلەکدا، ڕەشەمە هی خودای با، بورجی گا یا مانگی گوڵان هی ڤەروونای خودای کشتوکاڵ، بورجی کۆ یا مانگی خەرمانان هی خوداژن ئاناهیتا و بورجی تەرازوو یا مانگی مێهر هی میترایە. ئەمانە خودای خێر و چاکەن و مانگە بە بەرەکەتەکانیان بە ناو کراوە. بەڵام ئیندرا خودای شەڕە و بە هاتنی، یا کەمئاوی و وشکەساڵی لە گەڵ خۆی دێنێ یان زستانی تووش و سەخڵەت. بۆیەش لە ساڵ دا دوو جار دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ. جارێکیان چلەی گەورەی هاوین و بورجی قرژاڵە کە وەرزی گەرما و کەم ئاوییە و جاری دووهەمیش چلەی گەورەی زستان و بورجی کوور (جۆدەی/گدی) کە وەرزی تۆف و سەرمایە. واتە لە چیرۆکەکان دا هەر کات تووشی ئۆستوورەی ئیندرا بین، ئەوە یان پێوەندیی بە چلەی گەورەی هاوینەوە هەیە کە سەرەنجامەکەی جێژنی مێهرەگان و سپێرانی بە عەداڵەتی میترایە لە سەرەتای پاییز یان باسی چلەی گەورەی زستانە کە سەر لە نەورزۆ و بەهار دەردێنێ. فیردەوسیش لە شانامە و لە قالبی "چل ساڵدا" ئاماژە بە چلە دەکا:

*چو از روزگارش چهل سال ماند　　　نگر تا بسر برش یزدان چه راند*

واتە؛ کاتێ کە تەنیا چل ساڵ لە عومری زەحاک مابوو، جا چاو لێ بکە بزانە خودا چی بە سەر دێنێ.

لە فەرهەنگی کوردەواریدا ئۆستوورەی کاوە و زەحاک، باسی جەفای چلەی زستان و سەرەنجام هاتنی بەهار و نەورۆزە بەڵام لای فیردەوسی ئەمە ئۆستوورەی جێژنی مێهرەگانە. ئەم دوو ڕوانینە جیاوازە نیشانەیەکی زەق و گرینگە لە شوناسی ئۆستوورە کوردیەکە و هەڵگەڕاندنەوەی لە گێڕانەوەی لە شانامە و هاوشێوەکانیدا. لە چیرۆکی شانامەدا هیچ باسێک لە نەورۆز و بەهار نییە و بە ڕوونیش ئاماژە دەکا کە دوای لابردنی ئەژدەهاک، فەرەیدوون لە مانگی مێهر کە سەرەتای پاییزە، لە سەر تەختی پاشایەتی دادەنیشێ:

*فریدون چو شد بر جهان کامگار　　　ندانست جز خویشتن شهریار*
*به رسم کیان تاج و تخت مهی　　　بیاراست با کاخ شاهنشهی*
*به روز خجسته سـر مهرماه　　　به سر بر نهاد آن کیانی کلاه*

*زمانه بی‌اندوه گشت از بدی　　　گرفتند هر کس ره ایزدی*

واته؛ فەرەیدوون دوای ئەوەی لە کار و باری دنیا بۆوە و جگە لە خۆی کەسی بە پیاو نەزانی، وەک پادشایان تاج و تەختی دانا و کۆشکی پاشایەتیی رازاندەوە و لە ڕۆژی پیرۆزی سەرەتای مانگی مێهردا کڵاوی پاشایەتی لە سەر نا. زەمانە خۆش و بێ خەم بوو و خەڵک ڕێی خواپەرەستی‌یان گرتە بەر .

جگە لە شانامەی فیردەوسی، لە "گرشاسب‌نامەی ئەسەدی"ش دا کە چیرۆکی کاوە و ئەژدەهاک هاتووە، ئامانج پاشایەتیی فەرەیدوونە کە لە سەرەتای پاییز و مانگی مێهر دا دەست پێدەکا:

*همان سـال ضحاک را روزگار　　　دژم گشت و شد سال عمرش هزار*

*بیآمد فـریدون به شاهنشهی　　　وز آن مارفش کرد گیتی تهی*

*سرش را به گرز کیی کوفت خرد　　　ببستش، به کوه دماوند برد*

*چو در برج شاهین شد از خوشه مهر　　　نشست او به شاهی سر ماه مهر*

*بر آرایش مهرگان جشن ساخت　　　به شاهی سر از چرخ مه برافراخت*

واتە؛ هەر ئەو ساڵە کە ڕۆژگار زوحاکی دامرکاند و هەزار ساڵەی تەمەنی دوایی هات، فەرەیدوون بوو بە پاشا و دنیا لەو شای وەک مارە رزگاری بوو. گورزێکی شاهانەی لە سەری دا و لە کێوی دەماوەند بەستیەوە. وەختایەک هێشووی خۆر کەوتە ناو بورجی شەهێنەوە، ئەو لە سەرەتای مانگی مێهر دا لە سەر تەختی پاشایەتی ڕۆنیشت. بۆ رازاندنەوەی مێهرەگان جێژنی پێکهێنا و لە گەڕی مانگ دا وەک شا دەرکەوت .

لە سەردەمانی پاشایەتیدا ئەو گرینگایەتییەی کە بە جێژنی مێهرەگان لە سەرەتای پاییزدا دەدرا، بە نەورۆز نەدەدرا. نەورۆز و مێهرەگان هەردوو لەوەدا وەک یەکن کە شەو و ڕۆژیان بەرابەرە. هەروەها لە حاڵێکدا مێهرەگان سەرەتای پاییز و بەرەو زستانە، نەورۆز دوای زستانی سەخت و تووش، ڕووی لە بەهار و گەرمایە بەڵام کۆمەڵێک تایبەتمەندی، مێهرەگانیان کردبوو بە جێژنێکی گرینگتر لە نەورۆز. مێهر مانگی حەوتەمی ساڵە و مانگی میترایە کە بەرزترین پلەی ئایینی میترایی‌یە. پێک گەیشتنی بورجی کۆ و تەرازوو یان خواژن ئاناهیتا بە میترا لەو مانگەدا، یەک لە ڕووداوە سرووشتی‌یە هەرە پیرۆزەکانی ئایینی میترایی‌یە. خۆر دەکەوێتە بورجی تەرازۆوە کە تەرازوو هێمای عەداڵەتە و، بەرابەریی شەو و ڕۆژ لە مانگی مێهردا نیشانەی بەرابەریخوازی و دادگەریی میترایە. مێهرەگان هەروەها جێژنی بەران تێبەردانە کە یەک لە گرینگترین جێژنەکانی مەڕداران و جووتیار – مەڕدارانە. کاتی گەیشتنی بەروبوومی جووتیاری و ئاژەڵدارییە؛ بەرخ گەورە و قەڵەو دەبێ، دانەوێڵە لە کا جودا دەکرێتەوە و خەرمان سوور دەکرێ، ڕەزبەرە و وەرزی گەیشتنی ترێ‌یە، بێستان سوور دەبێ و میوەی دیکەش وادەی گەیشتنیانە. هەموو ئەوانە بەو واتایەن کە وەختی دانی

زەکات و بەش بە سەید و شێخ، سەر چاک کردنەوە بە مەلا و دانی مالّیات و سەرانە بە دەسەڵاتە. شانامە و هاوشێوەکانیشی بۆ پڕکردنی خەزێنەی دەربار، جێژنی لادانی زەحاک و هاتنی فەرەیدوونیان لە نەورۆزەوە بۆ جێژنی مێهرەگان گواستۆتەوە تا خەڵک بە گرینگیی زیاترەوە بڕواننە میهرەگان و، شا و دەسەڵاتداران بتوانن لەو مانگە دا چاکتر و بە بەهانەی گرینگترەوە خەڵک بڕووتێننەوە. ئامانجە ئابووری و سیاسی‌یەکە ئەوەندە بۆ دەربار و نووسەرانی دەربار گرینگ بووە کە گوێیان بە میترایی بوونی ئەو ئۆستوورەیە و تەنانەت ناتەبایی جێژنی مێهرەگانی میترایی لە گەڵ دینی زەردەشتیی دەربار نەداوە و رووهەڵماڵاوانە چیرۆکەکەیان بۆ شێواندووە. چونکە نەورۆز تەنیا هێلکەی سوورکراوی لێ هەڵدەوەرێ کە ئەویش دیاری بۆ منداڵانە و گورچووی دەسەڵات تێر ناکا. لە راستیدا نەورۆز پێش ئەوەی رۆژی نوێ بێ، رۆژی نوێ و تازەکانە و زیاتر جێژنی منداڵان، مێرمنداڵان، تازەلاوان و لاوانە. هەروەک چۆن جێژنی نوێبوونەوەی ساڵ و بووژانەوەی سرووشتەو رزگارکردنی لاوان لە چنگ زەحاکیش هەڵگری هەمان ئامازەیە.

بەڵام وەک ئامازەی پێ کرا، لە ناو کورد و لە ناخی مرۆڤی کورددا لابردنی زەحاک لە سەر تەختی پاشایەتی، نە جێژنی مێهرەگان کە بۆنەیەکی جێژنی نەورۆزە. مەبەست لە بۆنەیەک، ئەوەیە کە نەورۆز تەنیا نابەسترێتەوە بەم ئۆستوورەیەوە. بۆ وێنە لە ئۆستوورەی برایمۆکدا، رۆژی زەماوەندی زارای دایک و زاڤی باوک دەکەوێتە هەمان سەروبەندەوە. هەروا کە لە ئۆستوورەی شێخمەند و شێخرەشدا، مێهرەگان رۆژی بەرقەرار بوونی دادگەریی میترا بۆ سزادانی شێخرەشی خودای شەڕە. بەڵام لە سەرووی ئۆستوورە و باوەڕە ئایینیەکان، نەورۆز کۆتایی زستانی سەخڵەت و سەرەتای وەرزی

بووژانەوەی سرووشتە. داهاتنی بەهار و گەرما و رووناکی‌یە و رزگاربوونە لە دەست هەژاری، سەرما و تاریکیی زستان. یەک لە واتاکانی ناوی زەحاک یا ئەژدەهاکیش، هەمان تاریکی و دەسەڵاتی تاریکی‌یە.

وشەی ئەژدەهاک بە چەندان جۆری وەک ئەژدەهاک، ئاژیدەهاک، ئازیدەهاک، زەهاک، زوحاک، زەحاک و بیوراسبیش هاتووە. بیوراسب بە خاوەن هەزار ئەسپ واتا کراوەتەوە. ئەگەر ماناکەی بە درووستی کرابێتەوە ئەوە ئەسپ نیشانەی خێوی خاکە کە مەبەست لە مرۆڤە بە تایبەت مرۆڤی ئایینی. هەزار واتای بە ژمارە زۆرە و هەزار ئەسپ مەبەست لە پێڕەوانی زۆری زەحاک و خودای شەڕ لە سەر هەردە. ئەوانەی تۆماری عەداڵەتیان بۆ واژۆ دەکرد. لە نوسخەیەکی دیکەی چیرۆکی زەحاکدا، بیوراسب باوکی زەحاکە .
وشەی زەحاک شێوەی شێواو یا هەڵگەڕاوەی حەزیایە. حەزیا لە گەڵ پاشگری "ک" کە نیشانەی ناسێنەوەیە. حەزیا(ک) ناوێکی دیکەی هەژدیهایە:

*ئەوە سەدایەکم دەگەیشتێ، سەدایەکی لە من لە سەر بێ*
*دەک رەبی بەدکارن هەر تەفرەقە بێت و دەربەدەر بێ*
*کۆڵەکێ نێو ماڵی بە "حەزیاکی" حەوت سەر بێ*
*مانگایەکیان هەبێ، دۆنەدەر بێ*
*بە حەوتانیان چاوێکیان بێ ئەویش بە قەد گۆچەرخەکی تەم لە سەر بێ*

بەو پێیە زەحاک و حەز یا حەزیاک ناوی دیکەی هەژدیهان. ئەژدەهاک جگە لە مانا رواڵەتیەکەی کە بریتی لە مارە ئەفسانەییەکەیە، بە شێوەی ئازیدەهاک واتای دەسەڵاتی تاریک و دەسەڵاتی داپڵۆسێنەریشە. لە سروودی خاتوو رەمزبار دا هاتووە:

*پەی دەروون شاد، پەی دەروون شاد*
*شەمێ رۆشەنیش وست پەی دەروون شاد*
*ئەو کۆی چل نوورش هەرکە کەرد ئیجاد*
*چل مەشعەلش دا وە ئوسای ئیرشاد*
*ئاز و تاریکی گوریزان چۆن باد*

واتە؛ بۆ شاد کردنی ناخی ئێمە، شەم و چرای رووناکی خستە دەروونمانەوە، کاتێ ئەو کێوە چل نوورەی خوڵقاند (مەبەست چل تەنە)، چل مەشخەڵی رێنوێنی دایە دەست مامۆستای رێنوێن و، بەو هۆیە ئاز و تاریکی وەک با هەڵات.
ئاز ناوێکی دیکەی ئیندرای خودای شەڕ و خراپەیە. هەروەها بە مانای تەماحی زۆر، پاوانخوازی و زێدەویستیشە و لە گەڵ دەهاکی بە واتای دەسەڵات، بریتی لە حکومەت و دەسەڵاتی زێدەخوازە. دەسەڵاتێک کە غەیری خۆی، نابینێ و هەموو شتی بۆ خۆی دەوێ. هەر لەو راستایەشدا ئاز بە مانای تاریکی یا هاوشانی تاریکی‌یە. تاریکەدەسەڵاتی زەحاک دوای نەمانی رووناکایی دەسەڵاتی جەمشیدشا یا جەمشێرشا لە چیرۆکەکەدا .

واتای تاریکی لە ناوی زەحاکدا کاتێ زیاتر خۆ دەردەخا کە دەبینین یەک لە واتاکانی واتای ناوی کاوە رەوینەوەی و روونبوونەوەی رەشی و تاریکییە. شانامەی فیردەوسی هەوڵی داوە وا بگەیەنێ کە ناوی کاوە لە گا (گاو) وەرگیراوە. رەنگە رواڵەتی ناوەکە و بەرهەڵبێنەی ئاسنگەریەکەی کە دەکرێ لە چەرمی گا بێ، هۆکاری پەرەدان بەو روانینە بێ. لە بەرامبەر هەژدیهای گیانداری ئیندرای خودای شەڕدا، گا، گیانداری تایبەت بە ڤاروونا یا واروونایە. واروونا خودای چاکە و رەوانی پاکە کە لە چیرۆکەکەدا فەرەیدوونە. لە بەشێک لە سەرچاوە مێژوویی‌یەکاندا ناوی واروونا یا ڤاروونا لە سەر شوێنی لە دایکبوونی فەرەیدوون داندراوە. ڤەندیداد شوێنی لە دایکبوونی فەرەیدوونی بە ڤارینا نووسیوە. لە ئاڤێستاشدا چەندان جار ناوی "وەرن" وەک زێدی فەرەیدوون هاتووە. لە رامیەشتی ئاڤێستادا فەرەیدوون لە "وەرن ئەندروا" ستایشی خودای بای کردوە و داوای لێ کردوە لە شەڕ دەگەڵ ئەژدەهاکدا یارمەتی بدا تا بتوانێ ژنەکانی بە ناوی شارنەواز و ئەرنەواز بستێنێتەوە کە ئەو دوو ژنە بۆ زاوزێ جوانترین لەش و لاریان هەیە و لە دنیا دا بێ وێنەن."  لە سەر هەرد گا هەڵگری رەوانی پاک یا واروونایە. هەروا کە لە ئاسمان ئەو ئەرکە لە ئەستۆی مانگە. لە ئاڤێستادا گەیشتن بە پلەی "گاوش رەوان" یا رەوانی گای سەرەتا، پلەی بەرزی سۆفیایەتی و رەوانپاکییە. لەم سۆنگەیەش دا چیرۆک، فەرەیدوون بە شیری مانگای "پڕمایە" بە خێو دەکا، گورزی سەرەگای بۆ ساز دەکا و بە گشتی رۆڵی گا لە چیرۆکەکەدا یەکجار زۆر زەق کراوەتەوە کە هەمووی بۆ ناساندنی فەرەیدوون و پێوەندیی خودای ڤاروونا لە گەڵ گایە.

شانامە  رۆڵی فەرەیدوونیی یەکجار بەرز کردوە و لە بەرامبەردا رۆڵی کاوەی تا ئاستێکی زۆر دابەزاندووە. کاوە لە شانامەدا زیاتر رۆڵی وەسیلە و چەخماخەی شۆرشی هەیە و کارە سەرەکیەکە بە فەرەیدوون دەسپێرێ. زۆربەی لێکۆڵەرانی شانامە تەنانەت ئەوانەش کە رەخنەیان لێ گرتوە، کاوەیان بە کەسێکی پلە نزم زانیوە. بەڵام ئەوە ناتەباییەکی زۆری لە گەڵ روانگەی میترایی سەبارەت بە کاوە و هاوشانەکانی لە ئۆستوورەکانی دیکەدا هەیە. لای کوردیش کۆی چیرۆکەکە زیاتر بە چیرۆکی "کاوەی ئاسنگەر" بە ناوبانگە تا چیرۆکی فەرەیدوون و زەحاک یا زەحاک بە تەنیا.
وێچووترین پێناسەی کاوە لای پێڕەوانی یارسانە. ئەوان کاوە بە تەنی داوو دەزانن. داوو یا داوود یەک لە یارانی سوڵتان ئیسحاق و تەنێک لە حەوتەنی سەردەمی سوڵتانە. بە ناوی پیرداوو یا داوو کەوسوار یەک لە گرینگترین کەسایەتیە ئایینییەکانی ئایینی یاری‌یە. بە چەرخەچی و هەڵسووڕێنەری کاروباری دنیا ناسراوە و دەلیلی گشت پێڕەوانی ئەهلی حەق یا یارسانە. داوو لەو ئایینەشدا دەسەڵاتی بە سەر بادا دەشکێ. با لە ئایینی میتراییشدا پلەی یەکەمە و خێوی با، رۆڵی باوکایەتی هەیە. وەک چۆن لەم

چیرۆکەشدا، کاوە باوکە. لە نوسخەیەکی شانامەدا جارێک باوکی دوو کوڕ بە ناوەکانی قارون و قوبادە و لە نوسخەیەکی دیکەدا، باوکی هەژدە کوڕە:

*مرا بود هژده پسر در جهان　　از ایشان یکی مانده است این زمان*
*ببخشای و بر من یکی درنگر　　که سوزان شود هر زمانم جگر*

واتە؛ من لە دنیادا هەژدە کوڕم هەبوو کە ئێستا تەنیا یەکیانم بۆ ماوەتەوە، ئەوم پێ بدەوە و لێی خۆش بە کە هەمیشە جگەرم بۆی دەسووتێ.

هەژاری موکریانیش بە شوێن ئەو نوسخەیەی شانامە دا، نووسیویەتی:

*مام کاوەی باوکی هەژدە کوڕ*
*ئاسنگەری بە هێز و گوڕ*
*حەڤدە کوڕیان سەر بڕیبوو*
*گەڕ لە سەر دوامین کوڕی بوو*

هەروەها لە گێڕانەوە کوردیەکەی چیرۆکەکەدا کە پێشتر هات، ژمارەی کوڕەکانی کاوە حەفتاودوو کوڕە کە حەفتایان خوراون و دوانیان ماون. بەڵام ژمارەکانی دوو، حەڤدە و هەژدە یان حەفتاودوو مانا و ئاماژەیەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نادەن. درووستترین ژمارە هەر ئەوەیە کە لە مەقامی باباناووسی دا هاتووە:

*دوانزە فەرزەنان کاوەی ئاسنگەر*
*یەکی چەنەش مەن، یانزەش بڕین سەر*
*وەمەودای ئەلماس کردشان چاک چاک*
*مغزش دەراورد پەی ماران ضحاک*

واتە؛ لە دوازدە منداڵی کاوەی ئاسنگەر، یەکی بۆ مایەوە و یازدەیان بە تیغی ئەڵماس سەریان بڕدرا و مێشکیان بۆ مارەکانی زەحاک دەرهێندرا.

ژمارەی دوازدە، ژمارەی مانگەکانی ساڵە کە یەک لە دوای یەک تێپەڕیون و مردوون. کاوە تەنیا یەکێکیانی بۆ ماوەتەوە کە بە پێی بۆچوونی کوردی و تەبا لە گەڵ ئۆستوورەکانی دیکەی ناو کورد، فەرەیدوونە. فەرەیدوون، هەمان فەروەدین یان فەروەردین و فەڕ وە دین، یەکەم مانگی بەهارە. ئەو ناوانەش دەچنەوە سەر وەروونا، فەروونا یا ڤەروونا کە لە میترائیسمدا خودای مانگ، خودای کشتوکاڵ و خودای رەوانی پاکە و بەرهەمی هاوسەرینیی خودای با و خوداژنی ئاوە و رۆڵەی ئەوانە.

ناوی کاوە لای نووسەران و لێکۆڵەرانی فارس بە "گاودرەفش" بە واتای هەڵگری ئاڵای لە چەرمی گا، "گاوە"ی گرێدراو بە گا و، کاوی پێوەندیدار بە کەی کە پێشگری شایانی پێشدادی بوو، هاتووە. بەڵام زۆربە پێیان وایە ناوێکی تازەیە و کۆی چیرۆکەکە لە

سەردەمانی دواتردا چێ کراوە. لێ لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕۆڵی کاوە لە چیرۆکەدا، ناوی کاوە دەتوانێ هەڵگری کۆمەڵێک واتای دیکە بێ کە وەک مەتەڵێک، دۆزینەوەیان خوێنەر و بیسەر لە مەبەستی چیرۆکەکە نیزیکتر دەکەنەوە؛ کافا دەکرێ شێوەیەکی دیکەی وشەکە بێ بە مانای جۆمجۆمە یا کەڵلە سەر، بە ئاماژە بە هەوڵ یا هێزی پاراستن و پێشگرتن لە دەرهێنانی مێشکی لاوان کە دەرخواردی ئەژدیها دەدرا و کاوە کۆتایی پێ هێنا. یان کاو بە مانای ئەشکەوت و قەڵشتە بەرد کە مەبەست هێزی بەندکردنی ئەژدەهاک لە ناو ئەشکەوتێک لە کۆتایی چیرۆکەکەیە. هەروەها کاوە دەکرێ لە وشەی کەوڵ هەڵێنجرابێ بە ئاماژە بەو کەوڵە چەرمینەی کە دوا جار کردی بە ئاڵا و خەڵکی پێ وەدوای خۆی دا. کۆی ئەم واتایانە و زیاتریش دەکرێ لە مەبەستی هەڵبژاردنی ناوی کاوەدا دەوریان هەبێ. چونکە ئەمە تایبەتمەندیی زۆربەی ئۆستوورە کوردی - میترایییەکانە کە ناوی هەڵبژێردراو بۆ قارەمانان بە تایبەت قارەمانی سەرەکیی چیرۆکەکان هەڵگری چەندان واتای پێوەندیدار بە ئەرکەکەیانە. ناوی کاوە و تەنانەت زەحاک و فەرەیدوونیش لەوە بەدەر نییە. هەر بۆیە وێچووتربوونی هیچکام لەو واتا و مەبەستانە بە مانای ڕەدکردنەوەی بێ ئەملاوئەولای ئەوانی دی نییە.
یەک لە مەبەستەکانی هەڵبژاردنی ناوی کاوە وەک قارەمانی سەرەکیی ئەم ئۆستوورەیە، وشەی کەوەیە. دەکرێ ئەمە سەرەکیترین مەبەست بێ. ناوی کاوە لە پەهلەوی دا بە "کاوغ" تۆمار کراوە  و ئەویش هەمان ڕەنگی "کەوگ"ە کە لە بەرامبەر ڕەنگی ڕەش و دەسەڵاتی تاریکی زەحاکدا، ڕەنگی ئابی و ئاسمانییە. ڕەنگی گومبەزی مەزارگەی داوو لە داڵەهوو. ڕەنگێک کە پیرۆزایەتیەکەی لە میترائیسمەوە بۆ ئایینی ئیسلام و بۆ ڕەنگ کردنی دیوار و گومبەزی مزگەوتەکانیش گواستراوەتەوە. نیزامیی گەنجەوی سەبارەت بە پیرۆزیی ئەو ڕەنگە لە حەوت پەیکەردا دەڵێ:

*هر که همرنگ آسمان گردد          آفتابش به قرص خوان گردد*

واتە هەرکەس هاوڕەنگی ئاسمان بێ، هەتاو بۆی دەبێ بە نانی سەر خوان.

پیرۆزیی ڕەنگی شین، ڕەنگ و وشەی پیرۆزە و پیرۆزەیی داهێناوە کە خۆی جۆرێکی دیکە لە هەمان ڕەنگی ئاوی و ئاسمانییە. حاجی فیرووزی ئێرانیەکان ئاماژە بە هەمان کەسایەتیی خودای بایە و خۆ ڕەش کردنەکەی، ئاماژە بە مانگی ڕەشەمەیە.

وشەی کەوە نەک هەر لە ڕەنگی گومبەزەکەی بەڵکو لە ناسناوی داوو کەوسواریشدا هەیە. هەر بەو جۆرە کە یارسانیەکان ئەو بە تەنی داوو دەزانن. چونکە داوودیش خودای بایە. کەوسوار بە سواری ئەسپی کەوە یا شینکی واتا کراوەتەوە بەڵام گومان دەکرێ لە بنەڕەت دا "کەو سەر" بێ. بە واتای سەر یا مووی سەر کەوگ. لە هەمان

ڕەنگی گومبەزی سەر گڵکۆکەی. کەوەسێر ڕەنگی ئەو پەزەیە کە سەر و روخساری سپیی ئاماڵ شینە. کەوە بە گشتی ڕەنگی مووی سەری ماش و برینجی‌یە. ئاماژە بە پێگەیشتوویی فیکری و ئاییینی ئەو کەسەیە. کەوگ یا شین ڕەنگی بەربەیانیشە.
هەروەها ڕەنگی گوڵەکانی کۆتایی زستان و سەرەتای بەهار. بۆ وێنە گوڵی ئاڵەکۆک لە کاتێکدا کە هێشتا بەفر نەچۆتەوەو ئەم سەر لە ژێر خاک دەردێنێ، گوڵێکی ڕەنگ کەوگە و ناوەکەشی لە هەمان ڕەنگ چێ بووە. لە فەرهەنگی کورد دا گوڵی ئاڵەکۆک نیشانەی هاتنی بەهارە و چیرۆکەکەی، چیرۆکی توانەوەی بەفر و کۆتایی زستانە. گوڵی ئاڵەکۆک لە کۆتایی زستان دا هەمان دەوری هەیە کە ڕەنگی کەوگ لە بەرەبەیان دا هەیەتی. ئەم پەیامی کۆتایی زستان دێنێ و ئەو خەبەری ڕەوینی شەو. چیرۆکی ئاڵەکۆک لە هەمان تێم کەلکی وەرگرتووە کە ئۆستوورەی کاوە و زەحاکی لە سەر دارێژراوە.
ئاڵەکۆک هەوڵ دەدا ڕۆڵی لێک گرێدانی دژبەرەکان بگێڕێ. لە لایەک موژدەی بەهار و کۆتایی زستانی پێیە و لە لایەکی دیکە شینی براگەورە و براچکۆڵە (چلەی گەورە و چلەی بچووک) دەکا و بەڵێن بە بەفر دەدا شووی پێ بکا.  دوای ئاڵەکۆک، گوڵەگەزیزە سەر لە خاک دەردێنێ کە ئەویش ڕەنگی پەڕەی گوڵەکانی شینی ئاسمانی یا کەوگە.
پیرۆزیی ڕەنگی کەوگ، پیرۆزەیی یا شین و پێوەندیی ئەو ڕەنگە بە خودای بای چەرخێنەری دنیا، هۆکارێکی پەرەگرتنی دیاردەی خاڵ کوتان لە نێو کوردانە. هەروەها دەلیلی پیرۆزیی خاڵ بە سەر جەستەی مرۆڤەوە کە ڕەنگدانەوەی زۆری لە فۆلکلۆر دا هەیە:
خاڵێک لە سەر لێویەتی، دەڵێی پیرۆزەی شینە
هەر کەس ئەو خاڵە ماچ کا، نیوەی تەحیات و دینە
هەروەها لای شاعیرانی کلاسیکیش ئەم خاڵی شینە ڕەنگدانەوەی هەبووە. نالی دەڵێ:
عاشقی سونعی حەقم، قوربانی ڕەنگی قودرەتم
چاوی ماوی، خاڵی شین، کولمی سپی، زوڵفی سیا
بەڵام هۆکاری هەڵبژێرانی ڕەنگی ئابی و ئاسمانی یا کەوگ و پیرۆزەیی بۆ خودای با ئەوەیە کە ئەم خودایە لە گەڵ سەرجەم خوداکانی خێر و شەڕ لە پێوەندی و دۆستایەتی دایە. خودای با لە ڕاستی دا کۆکەرەوەی دژەکانە. ئەمە لە خدە و تایبەتمەندیی خۆشیدا هەیە. لە هەموو پەسنە چاک و خراپەکان پشکێکی پێ بڕاوە. بەدیهێنەر و خوڵقێنەرە کەچی خودای مردنیشە، بەهار و باران هێنە کەچی پاشای پاییزی ڕوو لە مەرگیشە، شنەی شەماڵە و ڕەشەبا و تۆفانیشە. هۆی هەڵبژاردنی ڕەنگی کەوگیش بۆ ئەو نالێکیانە دەگەڕێتەوە. ڕەنگی کەوە یا کەوگ، لە نێوان ڕەش و سپی یا لە نێوان تاریکی و

ڕووناکیدا، ڕەنگی بوولێڵی بەربەیانە. ئەو کاتەی نە شەوە و نە ڕۆژ. نە ڕەنگی ڕەشی ئیندرایە و نە ڕەنگی سپیی میترا و نە سەوزی وارووناە بەڵام لە هەموانیشی تێدایە. هەر ئەمەش نهێنیی بێدەنگیی کاوە لە حاند کوژرانی چەندان کوڕ و بەرپاکردنی شۆرشێک لە سەر دوا کوڕی و نەکوشتنی زەحاک و بردنی بۆ ناو ئەشکەوت دوای لابردنێتی. کاوە، وەک ئەرکی خۆی کە هەڵسووڕێنەری کاروباری سەر هەردە، زەحاکی لابرد. چونکە زوحاک زوڵم و ستەمی لە رادە بەدەری کرد. بەڵام ئەگەر کوشتبای، لە پێناسە و ئەرکی خۆی دەردەچوو. هەڵوێستی هاوشێوە و پابەندبوون بەو پێوەندییە لە ئۆستوورەکەدا، لە زەحاکیشەوە سەبارەت بە کاوە هەیە. لە سەر داوای کاوە، کوڕەکەی ئازاد دەکا، داوای لێ دەکا شاهیدی بۆ دادگەری و عەداڵەتی دەسەڵاتەکەی بدا. کاوە کە ئەوە ناکا، تەنانەت تۆمارەکەش دەدڕێنێ و پێی ڕێدەخا کەچی بەو حاڵەش، زەحاک ئازاری نادا و بە ئازادی لە کۆشکی میری وەدەردەکەوێ:

*بر آن محضر اژدها ناگزیر — گواهی نوشتند برنا و پیر*
*هم آنگه یکایک ز درگاه شاه — برآمد خروشیدن دادخواه*
*ستم دیده را پیش او خواندند — بر نامدارانش بنشاندند*
*بدو گفت مهتر بروی دژم — که بر گوی تا از که دیدی ستم*
*خروشید و زد دست بر سر ز شاه — که شاها منم کاوۀ دادخواه*
*یکی بی‌زیان مرد آهنگرم — ز شاه آتش آید همی بر سرم*
*تو شاهی و گر اژدها پیکری — بباید بدین داستان داوری*
*که گر هفت کشور به شاهی تراست — چرا رنج و سختی همه بهر ماست*
*سپهبد به گفتار او بنگرید — شگفت آمدش کان سخن‌ها شنید*
*بدو باز دادند فرزند او — به خوبی بجستند پیوند او*
*بفرمود پس کاوه را پادشاه — که باشد بران محضر اندر گواه*
*چو بر خواند کاوه همه محضرش — سبک سوی پیران آن کشورش*
*خروشید کای پای مردان دیو — بریده دل از ترس گیهان خدیو*
*همه سوی دوزخ نهادید روی — سپر دید دلها به گفتار اوی*
*نباشم بدین محضر اندر گوا — نه هرگز براندیشم از پادشا*
*خروشید و برجست لرزان ز جای — بدرید و بسپرد محضر به پای*
*گرانمایه فرزند او پیش اوی — ز ایوان برون شد خروشان به کوی*

بە کورتی واتە؛ پیر و جحێڵ ناچار بوون ئەو تۆمارەیان ئیمزا کرد کە لەو کاتە دا نەڕە و هاواری کەسێک گەیشتە گوێ. کابرایان هێنایە بەردەم شا و لێیان پرسی بۆ وا دەکەی، کێ زوڵمی لێ کردووی؟ بە سەر شا دا گوڕاندی و گوتی من کاوە داخوازم، کابرایەکی ئاسنگەری بێ ئازارم، بەڵام لە دەست شا وەزاڵە هاتووم. تۆ شایەکی وەک هەژدیها بە هێز و ئازای و دەبی داوەر بی، شای حەوت وڵاتانی بەڵام ڕەنج و زەحمەتت هەر بۆ

ئێمەیە. فەرماندە (زەحاک) بە سەرنج و سەرسوڕمانەوە گوێی لە قسەکانی گرت، کوڕەکەیان رادەست کردەوە و پاشا داوای لێ کرد تۆمارەکەی بۆ ئیمزا بکا. کاوە هەموو نامەکەی خوێندەوە و بە تووڕەییەوە لۆمەی ئەو پیرانەی کرد کە تۆمارەکەیان ئیمزا کردبوو. وتی ئێوە بەو کارەتان، جێتان دۆزەخە و من هەرگیز شتی وا بۆ ئەم شایە ئیمزا ناکەم. هەستا تۆمارەکەی دڕاند و پێی رێخست. دەستی کوڕەکەی گرت و لە کۆشکی پاشا وەدەرکەوت.



گلکۆی داوو کەوسوار لە پردیوەر

توانایی کاوە لە خوێندنەوەی تۆمار، سەرەڕای ئەو هەوڵەی کە شانامە بۆ کەم کردنەوەی پلەی کۆمەڵایەتی و کەمرەنگ کردنەوەی رۆڵی ئەو لە لابردنی زەحاک دا داویەتی، ئاماژەیەکی دیکەیە بە خێوی با لە ئایینی میترایيدا کە هاوکات خودای خوێندەواران و مەلا و فەقێیانە. بەڵام لەوە گرینگتر، ئامانجی تۆمارەکە و گرینگیی شاهیدی دانی کاوە لە سەر چۆنیەتی میرایەتیی زەحاکە. پاشا دەستی لە زوڵم و ستەم نەپاراستووە کەچی داوا دەکا ئۆباڵ بۆ عەداڵەت و دادگەریی حکومەتەکەی بکێشن. حاکمی حەوت دەوڵەتانە، کەچی لە سەر واژۆی پیاوماقووڵان پەکی کەوتووە، تۆماری عەداڵەت بە خەڵک پڕ دەکاتەوە و هیچ روون نییە ئەوەی بۆ کێ و بۆ کوێی دەوێ! لەوەش سەیرتر، مەزن و گەورەی شار ئیمزایان بۆ کردووە کەچی لە سەر ئیمزای ئاسنگەرێکی فەقیر پەکی کەوتووە! وڵامی ئەو پرسیارانە لە ناسینی کەسایەتیی راستەقینەی کاوە وەک خودای بادا خۆ دەنوێنێ و بە گەڕانەوە بۆ ئایینی یارسان و کەسایەتیی داوو کەوسوار، ئەم راستیەمان بۆ دەردەکەوێ.

ئەوەی زەحاک لە کاوەی دەوێ، شاهیدی و گەواهی دانە. گەواە، گەوا یا گەڤا شێوەکانی ئەو وشەیەن و جگە لەو واتایانەی سەرەوە، ناوی کاوە لەم ئۆستوورەیەدا ئەم واتایەشی لێ بار کراوە. لە ئایینی یارساندا باوەڕی سەرسپاردن یەک لە بناخەکانی ئەم ئایینەیە. هەر باوەڕمەندێک سەر بە دەلیلێک دەسپێرێ. دەلیل، رێنوێن و سەرپەرەستی سەرسپاردەیە. وشەی دەلیل بە واتای شاهید و گەواهە. ئەوەش ئەرکی دەلیل زیاتر نیشان دەدا. لە باری ئایینی‌یەوە دەلیل دەبێ هەم رێنوێن بێ و هەمیش دواجار وڵامدەر. ئەگەر توانی سەرسپاردە بۆ رێگای درووست رێنوێنی بکا، ئەوە شاهیدیی بە حەق بۆ دەدا بەڵام ئەگەر پێچەوانەکەی دەرچوو، ئەوە گەواهیی بە درۆ

یەک لە گوناهە گەورەکانە. بەو پێناسەوە، داوو دەلیلی گشت پێڕەوانی ئایینی یارییە. هەمان ئەرک لە تەن و جەستەیەکی دیکەدا لە سەر شانی کاوەیە یان مەبەست لە کاوە، هەمان داوو کەوسوارە. ئەمەش نهێنیی داوای زەحاکی خودای شەڕ لە کاوەی خودای بایە تا گەواهی بۆ بدا کە میرێکی دادگەرە و داد بنەمای دەسەڵاتەکەیەتی. بەڵام کاوە نەک شاهیدیی بە درۆ نادا، لۆمەی ئەوانەش دەکا کە گەواهیی بە درۆیان داوە و لە سزای ئاسمانی وشیاریان دەکاتەوە. بۆ بە جێ گەیاندنی ئەرکی ئایینی و ئیخلاقیی خۆی، تۆمارەکەش دەدڕێنێ. ئەمەش پەیامی ئیخلاقیی چیرۆکەکەیە و یەک لە مەبەستەکانی هەڵبژاردنی ناوی کاوە لە ئۆستوورەی کاوە و زەحاک دا، نەدانی شاهیدی و گەواهی بە درۆیە؛ کاوە = گەواە - گەوا – گاڤا.
ڕەنگی کەوە یا گەواهی تەنیا ئاڵقەی پێوەندیی نێوان کاوە و خێوی با لە گەڵ ئایینی میترایی نین. کاوە، ئاسنگەرە و لە پیشەی ئاسنگەری دا لانیکەم سێ لە ماکە (عۆنسۆر) سەرەکیەکانی خوڵقان بوونیان هەیە. دەماندن؛ با، تاواندن؛ ئاگر، کانزای خێوی خاک؛ ئاسن. هەر سێ لەو پیشەیەدا کۆبوونەتەوە. لە سەر یەک پیشەی ئاسنگەری بەرهەمی هاوکاریی لانیکەم سێ لە چوار ماکی سەرەکیی میتراییە. بەڵام کاری سەرەکیی ئاسنگەر سازکردنی کەرەسە لە ئاسنە. ئەوەش ئاماژە بە خودای با و رۆڵی ئەو لە سازکردن، مراندن و سەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوە و چۆنیەتیی بەرهەم هێنانەوەی مرۆڤە. بەو پێیە، بە پێچەوانەی هەوڵی فیردەوسی بۆ دابڕاندنی پلەی کۆمەڵایەتیی فەرەیدوون لە کاوە، کاوە یا داوو وەک خێوی با لە ئایینی میتراییدا، باوکە و فەرەیدوون کوڕی ئەوە. داوو هەمان کەسایەتییە کە لە ئایینە ئیبراهیمیەکاندا ناوی ئادەمە. وشەی داوو یا داوود دەچێتەوە سەر ئادا، ئاداد یا هاداد کە لە ئایینی خاڵەدیی تۆمارکراو لە سەر ناوی ئۆرارتۆییدا، خودای با و تۆفانە. هەمان وشە لە کوردیدا هەدای بە مانای ئۆقرە گرتن بە ئاماژە بە هێزی وەستاندنی تۆفان و لە عەرەبیدا حەدادی بە واتای ئاسنگەری لێ کەوتۆتەوە. بە سوانی ئە یا ئا لە سەرەتای وشە و گۆڕانی پیتی دالی کۆتایی بە "واو" کە لە زمانی کوردی دا گۆڕانێکی باوە، (ئا)داوو ماوەتەوە. پیتی و لە کۆتایی ئاداو دا بووە بە "م" و "ئادام" چێ بووە. ئادام لە سەر زاران خۆش کراوە و بووە بە ئادەم. هەروا کە ناوی "حەوا"ی هاوسەری ئادەمیش دەچێتەوە سەر وشەی ئاو، ئاڤ، ئاوە و ئاڤە. لە میترائیسمدا مرۆڤایەتی بەرهەمی ئاوێتەبوونی با و ئاو یا هاوسەرینیی خێوەکانی با و ئاوە. هەروا کە کۆمەڵێک وشە لە ئەنجامی ئەو باوەڕەدا چێ بوون. وەک ئاوایی کە حاسڵی ئاوێتەبوونی ئاو و بایە.  ئەوە کە لە ئایینی یارسان دا داوو دەلیل و سەرپەرەستی هەموو ئۆمەتەکەیەتی، لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتووە هەرچەند مەبەست لە دەلیل، باوکی مەعنەوی و رۆحی‌یە. چونکە کاوە باوکی هەموانە و هەرچی کوژراو و مێشک

خوراوە، ڕۆڵەی کاوە بوون. بە گشتی ئەو خزمایەتی و پێوەندییە خێزانی‌یەی کە لە نێوان کاراکتەرەکانی ئۆستوورە میتراییەکاندا هەیە لە چیرۆکی کاوە و زەحاکی شانامەدا لێکهەڵوەشاوە. ئەوەش دووهەمین گۆڕانی سیاسیی ناوەرۆکی چیرۆکەکەیە. هەرچەند ناکرێ شانامە بە سەرچاوەی ئەم گۆڕانە بزانین و گۆڕانەکە لە ڕاستای ئایینی زەردەشتی و بە پێی خواستی دەربار و دەسەڵاتی شاکانە.

لە ئایینی میترائیسمدا شا و دەسەڵاتداران پێڕەوی خودای ئاگرن. گەرچی خودایان جیاوازە بەڵام ئەوە بۆ ئەوان خۆش نەبووە کە لە گەڵ خەڵکی ئاسایی، دینی وەک یەکیان هەبێ. لەوەش گرینگتر، لە میترائیسمدا کەسێک دەتوانێ بە هێزی بازوو، بە هونەر یان بە ئیمان و باوەڕ پلەی کۆمەڵایەتی، ئایینی یان سیاسی خۆی بەرز بکاتەوە. بۆ وێنە کوڕە جووتیارێکیش دەتوانێ لە ڕێی پاراستنی دیندا پاڵەوانەتیی بنوێنێ و بگاتە ئاستێک کە دەستەکانی بە هەنگوین بشۆن و بچێتە ریزی پاڵەوانانی پێڕەوی خودای ئاگرەوە. ئەوە سەرەڕای ئۆستوورەی خوڵقانی میترایی کە هەموان بە کوڕی خوداکانی ئاو و با دەزانێ. بەڵام شا و دەسەڵات ئەو سەییال بوونەی چینەکانی خوارتریان بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر دەسەڵات و بەڕێوەبەرییەکەیان زانیوە. لەم پێناوەشدا دەستیان لە دینەکە وەردا. ئاورا مەزدا یان ئاوری پلە و پایەدەر لە پلەی چوارەمی میترایی‌یان بۆ سەرترین خودا هەڵکێشا. ئیندرا کە نیزیکترین خودا لە پلەی ئاگرە، کاریان پێی نەما و لە گوێن دینە ئیبراهیمی‌یەکان کردیان بە شەیتان و وەدەریان نا. لە دینە نوێیەکەدا کۆتاییان بە پێوەندیی خێزانی لە نێوان خوداکان و بەو پێیەش ئۆستوورەی خیلقەتی میترایی هێنا و باوەڕی مەشی و مەشیانە یان مرۆڤی خوڵقاوی دەستی ئاسمانیان برەو پێ دا. بەڵام بەو حاڵەش بە هۆی خۆشەویستی و نفووزی کۆمەڵێک لە خوداکانی میترایی بە تایبەت میترا و ئاناهیتا لە ناو خەڵکدا، نەیانتوانی بە یەکجاری پشتیان تێبکەن و ناچار بوون دواتر لە دینە تازەکەدا جێیان بۆ بکەنەوە. خودای با لەو خودایانەیە کە هەرچەند لە یەشتەکانی ئاڤێستادا "ڕام یەشت"ی بە ناو کراوە بەڵام بە گشتی گرینگی زۆری پێ نەدراوە. هۆکارە سەرەکیەکەش ئەوەیە کە ئەم خودایە لە میترائیسمدا لە لایەک هەڵسووڕێنەری جیهانە و بەوەش دەست لە کاروباری شا وەردەدا لە لایەکی دیکەش بەردەوام لە تەنی کەسی ئاساییدا دەردەکەوێ کەچی باوکی واروونا و لەم چیرۆکەدا فەرەیدوونە کە شاکان خۆیان بە وەچەی ئەو دەزانن. ئەوە بۆ شا شکانی شکۆ بوو کە کوڕی کابرایەکی وەک کاوەی ئاسنگەر یان باڵووڵ یا مەلای مەزبوورە بێ بە پاشا. شانامە دەیهەوێ بڵێ فەرەیدوون هەڵگری توخمی پاشایەتییە بۆیە کاری گەورەی لە دەست دێ و هەر لە بەر ئەوەش شیاوی لە سەر نانی تاج و

دانیشتن لە سەر تەختی پاشایەتییە. تاج و تەختێک کە بە هیچ جۆر بۆ کوڕی کابرایەکی ئاسنگەری هەژار نابێ و هەر نابێ بیری لێ بکاتەوە. دەربار بەردەوام هەوڵی داوە جیاوازییە چینایەتیەکان پارێزراو بن و هەر چینەی لە قەدەر بەڕەی خۆی پێ رابکێشێ. دانیشتنی کوڕە هەژارێک لە سەر تەختی پاشایەتی، لە ئۆستوورە و چیرۆکیشدا بۆ پاشا بەزاندنی هێڵی سوورە. فیردەوسی لە درێژەی چیرۆکی کاوە دا بە ئاشکرا ئەو نیگەرانییەی دەربڕیوە و بە زمان فەرەیدوونەوە نووسیویەتی:

| | |
|---|---|
| *سپاهی نباید که به پیشه‌ور* | *به یک روی جویند هر دو هنر* |
| *یکی کارورز و یکی گرزدار* | *سزاوار هر کس پدیدست کار* |
| *چو این کار آن جوید آن کار این* | *پرآشوب گردد سراسر زمین* |

واتە: ئەوەی لە سپا دایە و ئەوەی پیشەکارە نابێ بۆ یەک ئامانج تێبکۆشن، یەکێ کار دەکا و ئەوی دی گورزی پێیە و هەر کارەی بۆ کەسێک ساز کراوە، ئەگەر یەکێ بە دوای وەرگرتنی کاری ئەویدیدا بێ دنیا پڕ دەبێ لە ئاژاوە.

ئەم نیگەرانییەی شانامە رەگی لە باوەڕی پشت ئۆستوورەی کاوەی ئاسنگەر دایە. لە باوەڕی ئایینی میترایيدا. ئایینێک کە لە ئاسمان باوەڕی بە فرەئیزەدی هەیە و لە سەر هەرد بە فرەشایی و بەڕێوەبەریی شاهانشاهی. بەڕێوەبەرییەک کە تێیدا دەسەڵات دابەش دەکرێ. بەرزترین پلەی ئایینی کە میترایە، تەنیا رۆڵی چاوەدێری هەیە و خۆ لە کاروباری سەر هەرد وەرنادا. تەرازووی هەڵسەنگاندنی ئاکاری ئیزەدەکانی بە دەستە بەڵام کاروبار و بەڕێوەبەری بە دەست ئیزەدەکانی خوارەوەیە و لە سەرووی هەمووشیان خودای با هەڵسووڕێنەری ئەم جیهانەیە. بە ئیلهام لەو باوەڕە، چینەکانی کۆمەڵگاش سەقامگیر نین. ئەگەرچی رێگایەکی سەخت و ئاستەم و بڕینی حەوت خانی لە پێشە بەڵام کەسێک دەتوانێ بە هەوڵ و کۆشش پلەی ئایینی یان کۆمەڵایەتیی خۆی بەرز بکاتەوە. لێ لە باوەڕی شانامەدا، لە ئاسمان هەموو شتێک بە دەست ئاهورامەزدایە و لە سەر هەرد بە دەست شا. لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو دوانە، هەرچی لە ئاسمان بکرێ، کار و کردەوەی ئەهریمەنە و هەرچی لە سەر هەرد بکرێ دەسکیسی بێگانە و عەرەب و توورانە. هەر بۆیەش بوونی باوەڕە میترایيەکە و بوونی ئۆستوورەیەکی وا کە ئاسنگەرێک شایەک لادەبا و کوڕی خۆی لە جێ دادەنێ، بۆ شا و بۆ دەربار دوو جار جێی نیگەرانییە. ئەوەش هۆکار بووە کە شانامە و شاکان بۆ رەواندنەوەی ئەو نیگەرانییە دەست لە چیرۆک و ئۆستوورەی بە ناوبانگی کاوەی ئاسنگەر وەردەن. مێژووش دەڵێ نیگەرانیەکەیان لە خۆڕا نەبووە. چونکە پێشتر، باوەڕە میترایيەکە بە کردەوە کێشەی گەورەی بۆ خوڵقاندن. دوای مەرگی کەمبۆجیەی کوڕی کۆرش، رێبەرانی ئایینیی هەرێمی ماد دەسەڵاتی ناوچەکەی خۆیان بە دەستەوە

گرتەوە، مڵک وماڵە دەست بەسەرداگیراوەکانی خۆیان ئەستاندەوە، ئەو پەرەستگانەیان رووخاند کە دەسەڵات لەو ناوچەیە دایمەزراندبوون و ئەو کاربەدەستانەشیان وەدەرنان کە شا بۆی دانابوون. کەسی هەڵبژاردە و جێ متمانەی خۆیان لە جێ دانان و نەزمی دەرباریان لە سەر خۆیان هەڵوەشاندوە. داریوش زۆر بە زەحمەت توانی سەرهەڵدانەکە سەرکوت بکا و دەستنیشاندەکانی خۆی سەرلەنوێ دابنێتەوە. بەو سەرکەوتنە ئەوەندە دڵخۆش بوو کە لە بەردەنووسەکەی بێستووندا نووسێ:

*"داریوش شا دەڵێ؛ ئەو شایەی کە ئێمە دامانن‌ا و ئەوان لایانبرد، لە جێی خۆی دامانن‌ایەوە. ئەمن ئەوم لە جێی خۆی دانایەوە. بەو جۆرەی پێشتر هەبوو، ئەمن وام کرد. ئەو پەرستگایانەی کە گیوماتی مەغ وێرانی کردبوو، نۆژەنم کردنەوە. ئەو لەوەرگە و مێگەل و کۆیلە و ماڵانەی کە گیومات ئەستاندبووی، گەڕاندمنەوە. ئەمن خەڵکم لە جێی خۆیان سەقامگیر کرد، هەم پارس و هەم ماد و هەم وڵاتەکانی دیکە. ئەمن هەوڵم دا بنەماڵەکەمان لە جێی خۆیان سەقامگیر بکەم بەو جۆرەی کە پێشتر هەبوو و وام کرد کە بە خواستی ئەهوورا مەزدا گیوماتی مەغ نەتوانێ بنەماڵەکەمان داگیر بکا."*

بەم جۆرە دەبینین کە کێشەی نێوان وڵاتی میدیا و دەرباری پارس زیاتر لەوە کە شەڕی نێوان دەسەڵات و دەسەڵاتخواز بێ، کێشەی نێوان دوو ئایین، دوو دنیابینی و دوو سیستمی کۆمەڵایەتیی جیاوازە. ئایین و دنیابینیی زاڵ بە سەر دەرباردا رێگا بە دەسەڵاتدار دەدا کە هەموو هێز لە دەست خۆیدا کۆ بکاتەوە و شەڕی ئەویدی پێ بکا بەڵام لای بەرامبەرەکەی دەسەڵات دابەش دەکرێ و بەوەش هەم لاوازتر دەردەکەون و هەم ئاسانتر دزەیان تێدەکرێ.

پێشتر ئاماژەی پێ کرا، لەم ئۆستوورەیە دا زەحاک یا ئەژدەهاک هەمان ئیندرای خودای شەڕ و خراپەیە. ئیندرا هەروەها خودای عەقڵ و فێڵە کە لە ئایینە ئیبراهیمی‌یەکاندا کرا بە شەیتان و لە دین دەرکرا. بابەتی خواردنی مێشکی لاوان ئاماژە بە ئەستاندنی عەقڵ و ئەستاندنی هێزی بیرکردنەوە لە خەڵکە. خەڵکێک کە بێ فکرانە تۆماری بۆ ئیمزا دەکەن و گەواهیی دادگەربوونی بۆ دەدەن. میترائیسم بە گشتی دژی سەربەردانەوە و لاگری عەقڵ و بیرکردنەوەیە. هەر ئەوەش هۆکاری ئەو هەموو رەمز و رازەیە کە لە ئۆستووره و بابەتەکانی پێوەندیدار بەو ئایینەدا خزێندراون. وەک مەتەڵ بۆ ئەوەی گوێگر بیری لێ بکاتەوە و هەڵیبێنێ. ئەم بۆچوونە دواتر لە هۆکاری سەرپێچیی شەیتان لە فەرمانی خوا بۆ فریشتەکان سەبارەت بە سوژدە بردن بۆ

ئادەمیشدا خۆی نواند:
ئیسلام کە لە وشەی تەسلیم بەو مانایە کە هەرچی خوا وتی دەبێ بیکەی، هاتووە، پێی وایە؛ شەیتان نافەرمانی کرد و خودا بە نەعلەتی کرد. عارفان کە هەموو شت بە خۆشەویستیی خودا گرێ دەدەن، دەڵێن شەیتان وتی تەنیا خودا شیاوی سوژدە بردنە، بەوەش خودا ئازیزتری کرد. بەڵام بۆچوونە میترایییەکە کە ئاسەواری لە ئێزدایەتیدا ماوە، دەڵێ؛ شەیتان عەقڵی دەکار کرد و وتی؛ ئەو لە خاکە و من لە ئاگر، ئاگر نابێ سوژدە بۆ خاک ببا. بەوەش لەو ئەزموونە بە سەرکەوتوویی هاتە دەر.

بەڵام ئیندرا عەقڵی تەواو نییە. خەڵک دەبێ خۆیان بیر بکەنەوە و بە قسەی نەکەن. لەم ئۆستوورەیەشدا هێزێک و عەقڵێک هەیە کە تەسلیمی ئەژدەهاک نابێ و واژۆی بۆ ناکا. ئەویش خودای بایە کە خودای خوێندەوارانە و خودایەکی خاوەن عەقڵ و زانینە. قسە و ئاکارەکانی لە تەنی باڵوولی دانا، هەیاسی خاس یا مەلای مەزبوورەدا بە روونی ئەو لایەنە دەردەخا. لە راستی دا ئەم شەڕە، شەڕی نێوان دوو خودایە کە هەردوویان خودای عەقڵن بەڵام یەکەمیان خودای عەقڵ بە لای فێڵ و لە ناوبردن دایە و دووهەمیان خودای عەقڵ بە لای نوێ کردنەوە و پێشخستندا. بەو حاڵەش ئیندرا سەرەڕای ئەوە کە خودای شەڕە، نموونەی خواپەرەستی و خواخۆشەویستی‌یە. لە بەیتی شێخ مەندو شێخ ڕەش دا ئاشقە زیکرە و ناوی بە سەر رۆژی هەینی، کە رۆژی عیبادەت و خواپەرەستی‌یە، بە جێ ماوە. لە چیرۆکەکەشدا ناکوژرێ، دەسەڵاتی لێ دەستێندرێتەوە و بۆ ئەشکەوت دەگەڕێندرێتەوە. ئەشکەوت لە میترائیسم دا جێگای عیبادەت و پاڕانەوە لە خودایە. میتراش کە سەرەتا لە ئەشکەوتێکەوە دەرکەوت دوا جاریش هەر لە ئەشکەوتەوە گەڕایەوە بۆ ئاسمان. لەم ئۆستوورەیەشدا ئیندرا بۆ ئەشکەوت بردرا تا لە بەرامبەر میترا و خودا دا وڵام بداتەوە و سزای خراپەکاریەکانی وەربگرێ.

بەڵام ئەژدەها تەنیا دوای کۆتایی دەسەڵاتەکەی و لە ناو ئەشکەوتدا سزا نادرێ. ئەو مارانەی کە پێش لە وادەی دەسەڵاتدارەتیەکەی لە سەر شانی رووابوون و ئازاریان دەدا، گەرچی لە چیرۆکەکەدا ترسهێنەرن و مێشکی لاوانیان دەرخوارد دەدرێ بەڵام تاوانبار نین. ئەوان لە راستیدا عەزاب و سزای ئاسمانین کە بە سەر زەحاکدا نازڵ بوون. مار لێرەدا زیاتر رۆڵی رزگاریدەری هەیە. هەروا کە لە ئۆستوورەی تۆفانی نووحیشدا هەمان رۆڵی هەبوو و کاتێ کەشتیەکەی نووح کون دەبێ، مار دە کونەکەدا چەمبەرە دەکا و کەشتیەکە لە نوقم بوون رزگار دەکا. لە ئۆستوورەی کاوەشدا ناردران یا رووانی مار لە سەر شانی زەحاک، هەوڵێکە بۆ ئەوەی کۆتایی بە عەقڵیەتی زەحاکی

بێنن. چونکە بەر لەو مارانەش، زەحاک حاکمێکی زاڵم بوو و تەنانەت باوکی خۆی کوشتبوو. دەرخوارد دانی مێشکی لاوان بە مارەکان لە ڕاستیدا پاتەکی زەحاکە لە بەرامبەر عەزابی مار بۆ ڕزگاری و مانەوەی خۆی بە نرخی بە بڵاگێڕەوە کردنی لاوان. کاتێکیش مێشکی مەڕیان بۆ تێکەڵ بە مێشکی لاوێک دەکرێ و دەرخواردیان دەدرێ، چ نارەزایەتیان نییە بەڵام ڕەوتی شکان و داکشانی دەسەڵاتی زەحاک لەوێوە دەست پێ دەکا. چونکە لە بەرامبەر ڕزگاریی مێشکی لاوێک، لە هێزی عەقڵی زەحاک کەم دەبێتەوە. لە راستیدا رووانی مار لە سەر شانی زەحاک بەرهەمی زوڵم و زۆری ئەو لە سەر خەڵکە و هەڵگری پەیامی وریاکردنەوەی دەسەڵاتدار لە زوڵم و ستەمە. لە ئایینی یارساندا دەسەڵات و پلەی ئاگر بە ناوی "رەدا" بۆ خزمەتی خەڵکە. لێ ترسهێنەریی مارەکان و دزەکردنی باوەڕی یەک خودایی بۆ ناو چیرۆکەکە هۆکار بووە تا دواتر مۆتیڤی رووانی مار لە جێ ماچی شەیتان پەیدا بێ.

بە ئاڵاکردنی بەرهەڵبێنەی ئاسنگەری، ئاماژە بە پێستی گایە کە گا گیاندار و نوێنەی ڤەروونای خودای ڕۆح و رەوانی پاکە. فەرەیدوون نوێنەی ئەو رەوانە پاکەیە و دانیشتنی لە جێی زەحاک، دانیشتنی واروونا لە جێی ئیندرا، خێر لە جێی شەڕ و بەهار لە جێی زستانە. ڤەروونا هەروەها خودای کشتوکاڵە و گا نیشانەی هەرە ئاشکرای پیشەی کشتوکاڵییە. بە کۆتایی زستان و هاتنی بەهار، گیا دەبووژێتەوە و سەرەتای وەرزی کشتوکاڵیش دەست پێ دەکا. پیشەی ئاسنگەری پێوەندیی چڕی لە گەڵ کشتوکاڵدا هەیە و لە سازکردنی گاسنی کێڵانەوە تا داسی دروونەوە لە خزمەت کشتوکاڵ دایە. سازکردنی داس لە شێوەی هیلالی مانگ، ئاماژە بە پێوەندیی نێوان ئاسنگەر لە گەڵ کشتوکاڵ و، کشتوکاڵ لە گەڵ مانگە کە مانگ نیشانەی سەرەکیی خودای کشتوکاڵە.

فەرانەک دایکی فەرەیدوونە. ئەم ناوە رەنگە دەسکردی شانامە و هاوشێوەکانی بێ و لە ناوی فەرەیدوون وەرگیراوە. وەک لە مەموزین یان شێخ مەندو شێخ ڕەش، گومان دەکرێ لەم چیرۆکەشدا هەر بە دایک ناوی هاتبێ. لە چیرۆکە راستەقینەکەدا فەرەیدوون کوڕی کاوەیە و فەرانەک هاوسەری کاوە. "دایک و باوک یازدە کوڕیان خورابوو، خودا کوڕێکی دیکەی پێدان و ناویان نا فەرەیدوون. دایک لە ترسی پیاوانی زەحاک، کوڕەکەی هەڵگرت و لە ئەشکەوتێکدا بە پیاوچاکێکی ئەسپارد کە ناوی ئابتین بوو. سەرەنجام پیاوانی شا پێیان زانی، ئابتینی پیریان کوشت و کوڕەکەیان برد تا مێشکی ئەویش دەرخواردی مارەکانی زەحاک بدەن. باوک کە ئەوەی زانی بە تووڕەییەوە چوو بۆ کۆشکی زەحاک و کوڕەکەی ئەستاندەوە و... باوک و کوڕ شۆڕشێکیان بەرپا کرد.

سەرەنجام دەسەڵاتی زەحاک رووخا و فەرەیدوون لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت." بە پێچەوانەی پێوەندیی نێوان خێوی با لە گەڵ خودای شەڕ، پێوەندیی نێوان دایک وەک خێوی ئاو لە گەڵ ئیندرای خودای شەڕ بە گشتی دۆستانە نییە. لانیکەم لە دوو ئۆستوورەی "مەم و زین" و "شێخ مەند و شێخ رەش"دا دوا جار ئەوە دایکە کە تۆڵەی کوڕ لە خودای شەڕ دەستێنێتەوە. بێدەنگ بوونی باوک لە حاند خورانی یازدە کوڕ و رزگار کردنی فەرەیدوون دوای خورانی ئەو یازدە کوڕە، بە پێی باوەڕی میترایی و بەیتەکانی دیکەش، دەبێ بە هەوڵ و پێداگریی دایک بێ.

ناوی باوکی زەحاک یا ئەژدەهاک لە شانامەدا بە مەرداس هاتووە. بە پێی قسەی شانامە، پیاوی چاک بووە. بەو پێیە دەکرێ مەرداس هەمان مەردئازا بێ بە مانای پیاوی ئازا کە چاکەی گەورەی لە دەست دێ. ئازا لە پاژی دووهەم دا هەروەها شێوەیەکی دیکەی وشەی ئاز یا ئازایە کە لە ئازیدەهاکیشدا هەیە. بەو مانایە دەکرێ واتای پیاوی تاریکی بێ وەک ئاماژە بە ژیان لە چاڵاو و بیر دا کە شانامە دەڵێ، زەحاک باوکی خۆی دە چاڵاو هاویشت.

جەمشید کە دەسەڵاتەکەی بە باشی بەڕێوە نەبرد و پاشایەتیی لێ ئەستێندرایەوە، بە درەوشاوە واتا کراوەتەوە. ناوەکە لە سەر بنەمای خورشید رۆنراوە و لە چیرۆکەکەشدا مەبەست هەمان خۆر یا هەتاوە. لە بنەڕەتیشدا کۆی ئۆستوورەکە لە سەر بنەمای چەرخی فەلەک و دایرەی بورجەکان ڕۆنراوە. فیردەوسی تاج لە سەرنانی جەمشید ئاوا باس دەکا:

*برآمد بر آن تخت فرخ پدر به رسم کیان بر سرش تاج زر*
*کمر بست با فر شاهنشهی جهان گشت سرتاسر او را رهی*

واتە؛ باوک هاتە سەر ئەو تەختە مبارەکە و بە دابی ئاسمانیان تاجی زێڕینی لە سەر نا. پشتێندی فەڕ و هاتی شاهەنشایی بەست و دنیا هەموو بۆی هاتە رەدایە. هەتاو کە نمادی میترایە، لە شانامەش دا نمادی عەداڵەت و داوەرییە:

*زمانه برآسود از داوری به فرمان او دیو و مرغ و پری*
*جهان را فزوده بدو آبروی فروزان شده تخت شاهی بدوی*

واتە؛ دنیا لە سایەی بەڕێوەبەریی ئەو دا حەسایەوە و دێو و باڵندە و پەری چوونە ژێر فەرمانی ئەو. ئابڕوی بۆ دنیا زیاد کرد و تەختی پاشایەتی بە هۆی ئەو درەوشایەوە.

خراپیی جەمشید لە کۆتایی دەسەڵاتەکەیدا، ئاماژە بە دۆخی خۆر لە بورجی کاووس (قەوس) لە مانگی ئازەرە کە بە واتایەک خۆر دەکەوێتە نزمترین ئاستەوە. ئەمە لە گەردووونناسیدا "حضیض" یا Perihelionی پێدەڵێن. هۆکارە گەردوونیەکەش

ئەوەیە کە هێڵی گەڕانی گۆی زەوی بە دەوری هەتاودا تەواو خڕ نییە و هێلکەییە. بەو پێیە مەودای نێوان هەرد لە حاند خۆر سەقامگیر بە یەک رادە نییە. لە شوێنێکدا هێڵی ئەم بازنە هێڵکەییە لە خۆر نیزیکترە و لە شوێنێکیش دوورتر. نیزیکەکە شۆڕشی زستانەی پێدەڵێن و دوورەکە شۆڕشی هاوینە. شۆڕشی زستانە کەوتووەتە نێوەڕاست مانگی ئازەر یا سەرماوەزەوە. بە پێی وتەی ئەبوورەیحانی بێروونی، ئێرانیەکان لەو مانگەدا، جێژنی ئازەرەگانیان بەڕێوە دەبرد، ئاوری زۆریان دەکردەوە تا خۆر بە هێز بێ. ئەوان پێیان وا بوو خۆر دە قوڵکە کەوتووە و پێویستە بە هێزی ئاور رزگاری بکەن. بێ هێزیی جەمشید لە راستیدا هەمان کەمهێزیی میرزێندین لە چیرۆکی مەم و زینە. لە یەکەمیاندا زەحاک دەسەڵاتی لی دەستێنێ و لە دووهەمیاندا میر عەقڵی خۆی دەداتە دەست بەکری میرگەوەڕ. بەکر و زەحاک هەردوویان تەنی ئیندران کە ئەستێرەی رۆژێ نیشانەیەتی. ئیندرا حاکمی چلەی گەورەی زستانە و بەکر و زەحاکیش لەو دوو چیرۆکەدا هەمان رۆڵی ئەو دەگێڕن.

فەرەیدوون کە خودای مانگە، لە ئۆستوورەی کورد دا کوڕی خودای با و خوداژنی ئاوە بەڵام لە شانامەدا کوڕی ئابتین و فەرانەکە. ئابتین هەمان بورجی دەلۆ یا ئاوڕێژە کە مانگی رێبەندان و بەهمەن یا دووهەم مانگی زستانە:

*فریدون که بودش پدر آبتین — شده تنگ بر آبتین بر زمین*
*گریزان و از خویشتن گشته سیر — برآویخت ناگاه بر کام شیر*

بێ رۆڵیی ئابتین نیشانەی ونبوونی ناوی ئەو بورجە لە ژێر ناوی چلەیە کە چلەی گەورە هی ئیندرایە. کوژرانی ئابتین بە دەستی زەحاک ئاماژەیەکە بە زاڵبوونی چلە بە سەر بورجی دەلۆ و کۆتایی هاتنی بورجەکە سەرەڕای درێژەکێشانی چلە و زستان.
لە دایکبوونی فەرەیدوون دەتوانێ ئاماژە بە جێژنی یەلدا یان سەدە بێ. لە گێڕانەوە کوردیەکەدا کە کوڕی جەمشێرشایە و دوای مەرگی ئەو لە دایک دەبێ، ئاماژە بە یەلدایە بەڵام لە گێڕانەوەکەی شانامەدا کە لە سەروبەندی کوژرانی باوکیدا لە دایک دەبێ یا تازە لەدایک بووە کە باوکی دەکوژرێ، ئاماژە بە جێژنی سەدە یا بێڵندانەیە کە دەکەوێتە دوای چلەی گەورە. هەڵبەت مەرج نییە حەتمەن باوەڕەکە وا بووبی کە خودای مانگ لەو رۆژەدا لە دایک بووە. چونکە میترائیسم باوەڕی بە تەناوتەنە (دۆنادوون) و فەرەیدوون کە تەنی هەڵگری ڤەروونا یا رەوانی پیرۆزە، لە هەر رۆژێک دا دەکرێ لە دایک بێتەوە. بەڵام بە ئانقەست رۆژێکی پیرۆز و رۆژی جێژنی بۆ دیاری کراوە:

*برآمد برین روزگار دراز — کشید اژدهافش به تنگی فراز*
*خجسته فریدون ز مادر بزاد — جهان را یکی دیگر آمد نهاد*

*ببالید برسان سرو سهی*    *همی تافت زو فر شاهنشهی*
*جهانجوی با فر جمشید بد*    *به کردار تابنده خورشید بود*

ئەرمایل و گەرمایل یا کەرمایل دوو لە قارەمانانی گێڕانەوەکەی شانامەن کە رۆڵی گرینگیان لە رزگارکردنی لاواندا هەیە. ئەوەش ئاماژە بە بورجی حووت یا دوماهی‌یە کە لە شێوەی دوو ماسیدا وێنا کراوە و دواپین بورجی ساڵ یا مانگی رەشەمەیە. هەر کام لە ئەرمایل و کەرمایل ئاماژە بە یەک لە دوو ماسییەکانی ئەو وێنەئەستێرەیەن. هەمان دوو ماسی کە لە بەیتی مەم و زیندا بە شێوەی دوو ماسیی نمادی مەم و زینی دوای مەرگن. رزگار کردنی لاوان بە دەست ئەرمایل و کەرمایل ئاماژە بەو بورجە و بە مانگی رەشەمەیە کە سەرمای زستان روو لە شکانە:

*دو پاکیزه از گوهر پادشا*    *دو مرد گرانمایه و پارسا*
*یکی نام ارمایل پاکدین*    *دگر نام گرمایل پیشبین*

"کۆندرەو" ناوی وەزیری زەحاکە کە بە پێی قسەی شانامە، کارەکانی زەحاک بە باشی جێبەجێ ناکا. واتای ناوەکە یانی کەسێک کە خێرا نییە و بە سەبراپی دەڕوا. مەبەست چلەی بچووکە. لە دابەشکارپی ساڵدا هەردوو چلەی بچووکی هاوین و زستان هی خودای ئاگرن. بە هۆی ئەوە کە ئەم خودایە دواتر بوو بە خودای سەرەکیی زەردەشتی و دەرباری شاکانی ئێران، سەرەڕای ساردپی چلەی بچووکی زستان، وا دیارە شانامە هەوڵی داوە بە چاک نیشانی بدا. لە کاتێکدا فۆلکلۆری کورد دەڵێ؛ چلەی بچووک گوتویە ئەوەی لە سەرما و تۆف و بەند بە کاکم (ئیندرا یا چلەی گەورە) نەکرا ئەمن دەیکەم. کۆندرەو دوای سەرکەوتنی فەرەیدوون دەچێتە خزمەت دەرباری تازەوە:

*چوکشور ز ضحاک بودی تهی*    *یکی مایه ور بد بسان رهی*
*که او داشتی گنج و تخت و سرای*    *شگفتی به دل سوزگی کدخدای*
*ورا کندرو خواندندی بنام*    *به کندی زدی پیش بیداد گام*
*به کاخ اندر آمد دوان کند رو*    *در ایوان یکی تاجور دید نو*
*برو آفرین کرد کای شهریار*    *همیشه بزی تا بود روزگار*
*خجسته نشست تو با فرهی*    *که هستی سزاوار شاهنشهی*
*جهان هفت کشور ترا بنده باد*    *سرت برتر از ابر بارنده باد*
*فریدونش فرمود تا رفت پیش*    *بکرد آشکارا همه راز خویش*
*بفرمود شاه دلاور بدوی*    *که رو آلت تخت شاهی بجوی*
*نبیذ آر و رامشگران را بخوان*    *بپیمای جام و بیارای خوان*

خودای با هەڵسووڕێنەری ئەم جیهانەیە. لاگری تازە کردنەوە و نوێبوونەوەیە. لاوان و تازە لاوان وەک بەهار و ساڵی نوێ لە سەرووی نوێبوونەوەکانن. کوژرانی لاوان لە لایەن پیاوانی زەحاک ئاماژەیەکە بۆ کۆنەپارێزی و بەرگری لە نوێبوونەوە. هەروەها بەڵگەیەک بۆ درووستیی کاری خودای مەرگ سەبارەت بە رەوتی بەردەوامی مراندنی

جەستەی کۆن و هێنانی وەچەی نوێ. هەمان مۆتیڤ لە بەیتی شێخ فەرخدا پیرە بارگینێکی بەرەڵایە کە پەلاماری جوانوو ئەسپەکەی فەرخ دەدا و بریندارى دەکا.  شۆرشەکەی کاوە بۆ رزگاریی لاوان و بۆ رزگاریی سروشتە کە لاوان و بە گشتی مرۆڤ بەشێکن لەو سرووشتە. شۆرش بۆ نوێ کردنەوەی سرووشت و ژیان. هەروا کە خودای مەرگیشە و ئەو تەنانە دەمرێنێ کە کۆن دەبن و لە کەلک دەکەون. لە ئۆستوورەی کاوەدا ئەو تەنە لە کەلک کەوتوویە زستانە و بەهار تەنی تازەیە. بەم جۆرە کاوە وەک خودای بە بای وادە، تاج و تەختی لە بەفر و سەهۆڵی زستانی زەحاک تێکدەرووخێنێ، سرووشت بۆ تاج و تەختی فەرەیدوون ئامادە دەکا. فەرەیدوون لە یەکەم رۆژی فەروەدیندا لە سەر تەختی دەسەڵات دادەنیشێ و دەست بە رازاندنەوەی سرووشت دەکا بۆ ئەو مەبەستەی کە باوکی ئاڵاکەی بۆ هەڵگرتبوو و بەڵێنی دابوو. بە مەبەستی گەیشتن بە بورجی گا و مانگی گوڵان کە هەرد وەک بەهەشت لێدەکا.

بە کورتی:
ئۆستوورەی کاوەی ئاسنگەر ئۆستوورەی دانیشتوانی سەر چیای زاگرۆسە کە ئاوێتەیەکە لە گەڕانی سروشت، گەردوون ناسی و ئایین کە پێوەندی بە هیچ رووداوێکی راستەقینەی مێژوویییەوە نییە.
نیزیکبوونی رواڵەتی ناوی قارەمانانی چیرۆک لە گەڵ پاشایانی میدیا بە هۆی هەڵقولانی ئۆستوورەکە لە ناخی کۆمەڵگای وڵاتی میدیا یا کوردستانی ئێستایە. تەنانەت ئەو گومانەش بە دوور نییە کە هێرۆدۆت بەشێک لە مێژووی پارسەکانی دوای بیستنی چیرۆکی کاوە و زەحاک نووسیێ.
ئۆستوورەی کاوە و زەحاک بە هۆی ئەوە کە دەیتوانی هاندەرێکی باش بێ بۆ خەبات و مل بادان لە حاند دەسەڵات و هەرەشە بێ لە سەر سیستمی پاشایەتی، شا، دەربار و دامودەزگاکەی هەوڵی گۆڕان، شێوان و تێکدانی داوە. تا ئاستێک کە لە ناوەرۆک و ناوەکانی ناو ئۆستوورەکە دژی نەتەوەکانی دیکە و نەتەوەی خاوەنی ئۆستوورەکەش کەلک وەرگیراوە.
لە شانامەدا دوو دەستکاریی سەرەکی چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر بەرچاوترە:
یەکەم: گۆڕانکاری بە مەبەستی دابەشکردن و پاراستنی سیستمی چینایەتیی کۆمەڵگا کراوە. لەم پێناوەدا کارەکتەرەکانی چیرۆک لێک بێگانە کراون تا وا نیشان نەدرێ کە دوای لادانی شای زاڵم، کوڕی ئاسنگەرێکی هەژار لە سەر تەختی پاشایەتی دادەنیشێ. لەم پێناوەدا رۆڵی کاوە کەم کراوەتەوە و فەرەیدوون کە کوڕی ئەوە، توخمی پاشایەتی لێ بار کراوە، کراوە بە کوڕی شازادەیەکی کوژراو و رۆڵی سەرەکی پێدراوە.

دووهەم: دەستکاری لە کاتی رووداني چیرۆکەکەدا کراوە کە ئەویش بۆ مەبەستی بەرژەوەندیی ئابووریی دەزگای بەڕێوەبەریی دەسەڵات بووە. بۆنەی چیرۆکەکە کە بە هەموو نیشانەکانیدا کۆتایی زستان و هاتنی نەورۆزە بۆ جێژنی مێهرەگان و سەرەتای پاییز گۆڕدراوە. مێهرەگان کە کاتی هەڵگرتنی بەروبوومی جووتیاری و ئاژەڵدارییە، وادەی ئەستاندنی ماڵیات و زەکات لە خەڵکیشە و شا بەو بۆنەوە خەڵکی زیاتر رووتاندۆتەوە:

*به روز خجسته سر مهر ماه        به سر بر نهاد آن کیانی کلاه*

(لە رۆژی پیرۆزی سەرەتای مانگی مێهر دا کڵاوی پاشایەتی لە سەر نا)

پێڕەوانی ئایینی یارسان بە تایبەت و گەلانی سەر چیای زاگرۆس بە گشتی خاوەنانی راستەقینەی ئۆستوورەی کاوەی ئاسنگەرن. هەوڵدانی شۆڤینیزم بۆ کوتانی ئەوان بە هۆی ئۆستووره خۆیان و لە رێی تێکدانی باوەڕە کەوناراکانی ئەوان، هەوڵێکی قێزەونی سەدان ساڵەیە.

لە ئۆستوورەی میترایی کاوە و زەحاکدا، هەر حەوت پلە ئاسمانیەکە بەرچاون؛ کاوە تەنی خودای با، فەرانەک تەنی خوداژنی ئاو، لاوان تەنی خودای خاک، کوندرەو تەنی خودای ئاگر، فەرەیدوون تەنی وارروونا و خودای مانگ، زەحاک تەنی ئیندرا و خودای ئەستێرەی رۆژێ و ئەشکەوت نمادی عەداڵەت و دادگەریی میترایە.

هەروەها لە گەڕانی ساڵ و سووڕانی فەلەکیدا، جەمشیدشا خۆری دە حضیض کەوتووی کەم تینی کۆتایی مانگی سەرماوەز، زەحاک چلەی گەورە و پاشای زستان، کوندرەو چلەی بچووک و وەزیری زەحاک، ئابتین بورجی دەلۆ یا ئاورێژ کە دەکەوێتە مانگی رێبەندان، کەرمایل و ئەرمایل بورجی دووماهی کە دەکەوێتە مانگی رەشەممە، کاوە خودای بای وادە و فەرەیدوون بورجی کاوڕ و پاشای نەورۆزە.

----

1. - [1]بڕوانە: هێرۆدۆت – مێژووی شەڕی پارسەکان – وەگێڕانی لە یونانییەوە: عەلی فەتحی – لاپەڕەی ١٠٧ تا ١٢٧
2. - [1]بڕوانە: نەورۆز ئەفسانە نییە رووداوێکی مێژووییە – فازل ئوسولیان
3. - [1]لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی کۆنی وڵاتی کوردەواری – د. جەماڵ رەشید (دەقی وتەکە لە بابەتی فازل ئوسولیان وەرگیراوە)
4. - [1]دیاکۆنۆف – مێژووی ماد
5. - [1]هەرچەند بەرقەرار بوونی ئەو دۆخە مەندە بە قازانجی ئەشتویگۆ و دەسەڵاتدارەتیی میدیا نەشکایەوە و وێدەچێ هەر ئەوە هۆکاری رووخانی بووبێ.
6. - [1]دانشنامه ایرانیکا
7. - [1]گەرچی زۆر کەس ئەوە بە چیرۆکێکی کوردی نازانن بەڵام لە فەیسبووک پرسیارێکم لەو بارەوە وەرێخست و ژمارەیەکی بەرچاو لە دۆستان ئەوەیان پشتراست کردەوە کە چیرۆکەکەیان لە باپیر و داپیرە نەخوێندەوارەکان بیستووە. بەو پێیەش ناکرێ پێمان وا بێ کورد ئەم چیرۆکەی تەنیا لە فیردەوسی و شانامە وەرگرتووە.

8. - [1]کتێبی" هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردی، نووسین و کۆکردنەوەی: فاروق حەفید – زوحاک و کاوەی ئاسنگەر بە راوێژی مام کەریمی حەمەخان ل. ٢٨٠ تا ٢٨٥

9. - [1]بە داخەوە دەقی شانامەی کوردیم بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دەست نەکەوت و ئەوەی گوتراوە، تەنیا بیستراوە.

10. - [1] بەیتەکان رەنگە هەمیشە ئاوا بە دوای یەک دا نەبن و خۆم لە زمان مەقام بێژانی یارسان وەک ئوستاد تاهیر یارەویسی یان کاتارینا سۆدێرلوندی سویدی و.. نووسیومنەتەوە و رێکم کردوون. شێعرەکە دەڵێ: دوازدە فەرزەندی کاوەی ئاسنگەر، یەکی بۆ مایەوە و یازدەیان سەر بڕدران. بە دەمی ئەڵماس لەت و پەت کران و مێشکیان بۆ مارەکانی زەحاک دەرهێندرا. کاوەی ئاسنگەر زوخاو و دەردی هەڵێنا و بەرهەڵبێنەکەی کرد بە ئاڵا. تەموور ئامادەیە و ئەوە لە سەر کۆشە و وەختی شادی و خۆشییە ئەی کاوەی خەڵکی شیرەخان. ئەی دڵ بەهارە و جێژنی نەورۆزە، داوودم دیت کە لە شەوی نەورۆز دا وەک بریسکەی پڵینگ بەهێزە. کاتی شایی و زەماوەندە و تۆش دەستێک بەرەو ئەو زەماوەندە هەڵبڕە کە شوێنی حەزیا ئەوە لە ئەشکەوتە.

11. - [1]بۆ وێنە بڕوانە کتێبی" هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردی" و چیرۆکی نەورۆز بە راوێژی حاجی شێخ محەممەدی نۆدێ

12. - [1]لە هێندێک نووسخە دا "داد" هاتووە کە بەم جۆرە مانای شێعرەکە تا رادەیەک جیاوازە.

13. - [1]سەرنج بدە کتێبی "هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردی، نووسین و کۆکردنەوەی: فاروق حەفید – چیرۆکی نەورۆز بە راوێژی حاجی شێخ محەممەدی نۆدێ.

14. - [1]شەو و نیوەشەو – راوێژی خدر قادری (خلە دەرزی)

15. - [1]تاریکە دەسەڵات لە سەر زمانان خۆش کراوە و بووە بە تاریکەسەلات

16. - [1]ضحاک از اسطوره تا واقعیت – حمزه حسین زاده ل. ٤٤

17. - [1]بۆ وێنە رادیکاڵترین رەخنە لە چیرۆکی کاوە و زەحاکی شانامە وتەکانی ئەحمەدی شاملوو بوو کە بەهاری ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی لە زانکۆی برێکلیی ئەمریکا پێشکەشی کرد و دواتر لە گۆڤاری "آدینە"ی ژمارە ٤٧ی هەمان ساڵ دا بڵاو کرایەوە. شاملوو بە هەڵە زەحاکی وەک کەسێکی بەرابەریخواز و کاوەی بە کەسێکی نەزان ناساندوە. بەڵام بەدەر لەو دوو هەڵە سەرەکیە، بە درووستی پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە ئەم چیرۆکە یان لە لایەن دەسەڵاتەوە دارێژراوە یان ئۆستوورەی خواست و ئارەزووەکانی خەڵکی رەشوڕووتی خستوەتە خزمەت خۆی و چینە دەسەڵاتدارەکەیەوە.

18. - [1]لە بەر راوێژی مامۆستا تاهیر یارەویسی نووسراوەتەوە و بە یارمەتیی دۆستی بەڕێزم مووسا باباخانی ساخ کراوەتەوە. وێدەچێ دەقی تێکستەکە یان بەشێکی لە شانامەی کوردی وەرگیرابێ بەڵام بە داخەوە ئەمن دەستم نەکەوت.

19. - [1]فرهنگ نام ها

20. - [1]فرهنگ آنندراج

21. - [1]نامه باستان – جلد اول ص. ٣٠٢

22. - [1]فرهنگ دهخدا

23. - [1]چیرۆکی ئاڵەکۆک و بەفر ئاوایە: پاشا فەرماندی دا هەموو جێیەک سپی کەن، گیا و شینکە لە هیچ کوێ نەمێنێ. پرسی ئەو ئاوە بۆ روونە؟ بە ئیزنی کێ زیندووە؟ بەفر گوتی؛ ئاو نییە، فرمێسکە. ماوەیەکە ئاڵەکۆک دەگری، ئەوە فرمێسکی گریانی ئەوە! بەفر ئاشقی ئاڵەکۆک بوو. گوتی مێردم پێ دەکەی؟ گوتی؛ براگەورەم لە سەفەرە! گوتی: رادەوەستم بێتەوە. گوتی: ئاخر براچکۆڵەشم لە سەفەرە! گوتی؛ رادەوەستم ئەویش بێتەوە. خەبەریان بە بەفر دا کە ئەوە ئاڵەکۆک لە کوێستان چاوەڕێتە. بەفر ئەگەر چوو بۆ لای ئاڵەکۆک، ئاڵەکۆک دەگریا. بەفر گوتی بۆ دەگری؟ گوتی شینی خوشک بۆ برایان حەڵاڵە. هەردوو برام مردوون و بە تەنێ ماوم بەڵام هەر لە سەر قەولی خۆمم، مێردت پێ دەکەم. بەفر بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:
ئاڵەکۆکە پرچنە
چۆڕچۆڕەم کەوتە بنە

24. بەفر ئاشقی ئاڵەکۆک بوو. گوتی مێردم پێ دەکەی؟ گوتی؛ براگەورەم لە سەفەرە! گوتی: رادەوەستم بێتەوە. گوتی: ئاخر براچکۆڵەشم لە سەفەرە! گوتی؛ رادەوەستم ئەویش بێتەوە. خەبەریان بە بەفر دا کە ئەوە ئاڵەکۆک لە کوێستان چاوەڕێتە. بەفر ئەگەر چوو بۆ لای ئاڵەکۆک،

ئاڵەکۆک دەگریا. بەفر گوتی بۆ دەگری؟ گوتی شینی خوشک بۆ برایان حەڵاڵە. هەردوو برام مردوون و بە تەنێ ماوم بەڵام هەر لە سەر قەولی خۆمم، مێردت پێ دەکەم. بەفر بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:

25. ئاڵەکۆکە پرچنە

26. چۆڕچۆڕەم کەوتە بنە

27. چ بکەم لەو ماڵ و ژنە

28. - [1]وا دیارە ئەم وشەیەش سەرسپەرد یا سەرسپەرت بووە و قڵپ بووەتەوە.

29. - [1]ئەم باسە لە بابەتی "تیر لە تەرەغە"دا بە تەسەلتر هاتووە

30. - [1]سەرنج بدە بابەتی" پەیوەندیی ئایینی میترا لەتەك ئیزەدی و یارسان و پیرشالیار - "دوکتور هێرش قادری

31. - [1]آثار الباقیه – ئەبوورەیحانی بیروونی ل. ٢٥٦

32. شێعرەکانی شانامەی فیردەوسی لە ماڵپەڕی "گنجور" وەرگیراون